# راپۆرتی سێ مانگەی
# وەزارەتی مافی مرۆڤی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان

---

## چالاکییەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئادار/ ٢٠٠٩

---

## مافی چارەی خۆنووسین داوایەکی رەوای گەلانە .....

## کار بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان دەکەین

---

# لەم ژمارەیەدا ئەم تەوەرانە بخوێنەوە:

١- راپۆرتەکەی ئەمنستی

٢- دیدارەکانی وەزیر

٣- روونکردنەوەیەك لەمەڕ......

٤- راپۆرتی بەشی بەندیخانەکان

٥- راپۆرتی بەشی سکاڵا

٦- راپۆرتی بەشی رێکخراوەکان

# راپۆرتەکەی (ئەمنستی ئەنتەرناشینال)
# بە ئیجابی وەسفدەکەین....

لە سەرەتای نیسانی (٢٠٠٩) رێکخراوی (لێبوردنی نێو نەتەوەیی) راپۆرتێکی بە ناوی (هیوا وترس) کە تایبەتە بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و (٦١) لاپەڕەی قەبارە گەورەی لە خۆ گرتوە بڵاوکردەوە. هەر لە رۆژانی ئەوەڵی بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە وەزارەتی ماف مرۆڤ وەکو لایەنێکی پەیوەندیدار رووبەرووی پرسیاری مێدیاکان بۆوە لەمەڕ هەڵوێست و تێڕوانین و چۆنیەتی پێشوازیکردنی ئەم راپۆرتە لە لایەن وەزارەتەوە، دیارە بیروڕاکانی ئێمە لەوێ خۆی دیار خستوە کە بە راپۆرتێکی ئیجابیانە وەسفکراوە، چونکە باشییەکەی لەوەدایە بەدواداچوون و راسپاردەکانی بەشێکە لە بایەخدان بە رەوشەکە لە هەرێمی کوردستان و گرنگیەکی دیکەی ئەم راپۆرتە بێجگە لە خستنە رووی کۆمەڵە حاڵەتێکی پێشێلکارییەکان، بەڵام ئاماژەشی بەوەداوە کە ئەم ماوەی رابردوو کاری چاك بۆ پەرەپێدانی رەوشەکە و کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان کراوە، کەواتە هەر پەرەگرافێك لەسەر ئەم بابەتانەوە بڵاوبکرێتەوە یانی بەواگاهێنانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ تەماشا کردنی دووربینانەیان بەرەو رەوشەکە کە دەکرێ ناوی بنێین ناساندنی رەوشێکی نوێ لە هەرێمەکەدا و بێشك ناساندنی ماف مرۆڤ و تێگەیاندنی کۆمەڵگا لە گرنگیدا گۆڕانێکە بەسەر خودی مرۆڤەکەوە دێت بۆ ئەوەی بەر لە هەموو شتێك بیر لە سیستەمی یەکتر قەبولکردن و رێز لە بیر و بۆچوونی بەرامبەر بگرێ، چونکە ئەنجامەکەی دروستبوونی کەشێکی ئارامیە و دوورکەوتنەوەیە لە توندوتیژی.

جارێکی دیکەش دێینەوە سەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتی (هیوا وترس)، وێرای ئیجابی بوونی، بەڵام هەندێ حاڵاتی تیا بەدیدەکرێ کۆنە و لە لایەن وەزارەتی ماف مرۆڤ کاری بەدواداچوونی بۆ کراوە و گەیشتۆتە چارەسەرکردن، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك ناو و وێنەی کەسانێك کە خۆشیان لەلاپەڕە (١٧)ی راپۆرتەکە ئاماژەیان پێداوە کە (ئازاد کراون)... لە رووی ئەشکەنجەدانیش ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ نەمانشاردۆتەوە و بەراستورەوانی لە راپۆرتە سێ مانگیەکانی خۆمان ئەم دیاردە ناشارستانیەتەمان رووبەرووی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووەتەوە و دواجاریش دوای بەدواداچوونی چڕی وەزارەت توانرا ناوی هەندێ لەو کەسانەمان دەستکەوێ کە لە بنکەکان کاری ئەشکەنجەدان ئەنجامدەدەن و بۆ وەزارەتی ناوخۆ-مان بەرزکردەوە و ئەوانیش ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ ئەم کەسانە کرد و ئەنجامەکەشیمان لە راپۆرتی (٤) مانگەی ئاخروئۆخری (٢٠٠٨) بڵاوکردۆتەوە..

دوای ئەوەی کە (مالکۆلم سمارت) لێپرسراوی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم کۆبووەو بەچڕی باس لە ڕاپۆرتەکە کرا حکومەت بە چاوی ڕێزەوە هیلاکیەکانی ئەم ڕێکخراوەی نرخاند و لە هەمان کاتیشدا حکومەت بڕیاریدا کە ڕاسپاردەکانی ناو ڕاپۆرتەکە بکرێتە ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و کاری لەسەر بکرێ، لەگەڵ ئەم هەموو دەستپێشخەری و بەدەنگەوەهاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕێکخراوی ناوبراو، بەڵام حەقیقەتێك هەیە و لەگەڵ خودی ڕێکخراوەکەش باسی لێوەکراوە کە لە ئایندە هەماهەنگیەك هەبێت لە نێوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەوان تاکو هەموو حاڵەتەکان بە دروستی و بە فەرمی بخرێتەروو و دووربخرێتەوە لە وەرگرتنی زانیاری هەڵە، چونکە ئەمە جۆرێك لە (مصداقیات) ڕاستگۆیی لە دەستدەدات.

دووپاتیشی دەکەینەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵ هەموو ئەو ڕاپۆرتانەیە کە لەمەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ دەنوسرێ و دەخرێتەروو، چونکە ئەنجامەکانی بەرەو پێشەوەبردنی ڕەوشەکەیە و خۆ ئەگەر لەسەر هەرێمی کوردستانیش بنوسرێ ئەمەشیان ئەوە دەردەخات سەرباری پێشێلکاری، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خەمی ئەوەن ڕەوشەکە بەرەو باشتر ببەن.

ئێمەش وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ بەردەوام دەبین لەسەر بەدواداچوون و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی (٣) مانگە و وەکو دەیبینن ئەمە ڕاپۆرتی (٣) مانگەی سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)یە و زۆر بە ڕاشکاوانە حەقیقەتی حاڵەتەکانمان خستوەتەروو و هیواداریشین ببێتە بەشێك لە دەستنیشانکردنی حاڵەتە نێگەتیڤەکان بەمەبەستی چارەسەرکردن و بنیاتنانی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و دووبارەشی دەکەینەوە (ڕاپۆرتەکەی ئەمنیستی ئەنتەرناشیناڵ) ووڕژاندنێکی کاریگەرانە بوو و هەوڵێکیش بوو بۆ بەواگاهاتن و بیرکردنەوەی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمەکە، بۆیە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە بە ئیجابیانە وەسف دەکەین.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی مافی مرۆڤ**

**بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن**

# شاندێکی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی لە قونسولگەری ئەمریکی سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤ-یان کرد.

کاتژمێر ١١ی سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/١/٤ بەرێز د.شوان محمد عەزیز لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندێکی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی لە قونسولگەری ئەمریکی کە پێك هاتبوو لە (ولیم مایەرز) راوێژکاری یاسایی و (جیمس پیتش) مامۆستای کۆلێجی یاسای زانکۆی هاوای و شیریزان منوالا بەر یوەبەری رێکخراوی هارتلاندی ئەمریکی و( مارشا لانس) چالاکوانی هەرێمایەتی لە هەولێر ..........

لەم دیدارەدا باس لە پوختەی پرۆژەی (دەست نیشان کردنی خاڵە سەرەکیەکان بۆ دروست کردنی نەخشە رێگا لە پێناو سەروەری یاسا لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم) کرا کە وەزارەتی مافی مرۆڤ وەکو لایەنێکی پەیوەندار بەشداری ئەم پرۆژەیە دەکات کەچەند لایەنێکی پەیوەنداری تری یاسایی بەشدارن تێیداو نیاز وایە لە ناوەراستی ئەمساڵدا ئەنجام بدرێت و دوای ئەنجامدانی چەند تەوەرێکی کۆبوونەوە و گفتوگۆ دەربارەی پرۆژەکە لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا.

دابەدوای ئەوەش شاندی میوان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانیانیان کرد سەبارەت بە و هەوڵانەی کە ئەنجامی داوە لە پێناو کەمکردنەوەی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان و ئافرەتان و ئومێدی ئەوەیان خواست کە ساڵی نوێ کەمترین رێژەی توندوتیژی بە خۆیەوە ببینێت و دواتریش گفتوگۆکان چرکرانەوە لەسەر راهێنانی ئەو کارمەندانەی کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە کارکردن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی وجگە لەوەش شاندی میوان بەپەسەندی زانی کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا سەردانی ئۆفیسەکانی مافی مرۆڤ لە سەرجەم شاروشارۆچکەکان بکات تا لە نزیکەوە لەرەوشی بەرەو پێشچوونی مافی مرۆڤ لەم ناوچانە ببینن.

## له كوردستان
## دروستكردنی تاقیگەیەكی پزیشكی دادوەری لەلایەن بەریتانیا-وە

بۆ زیاتر لە یەكگەیشتن لە بوارەكانی كاركردن لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ، سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/١/١١ لە دیوانی وەزارەت بەرێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ چاوی كەوت بە بەرێز (رۆبیرت وێڵس قونسوڵی بەریتانی لە هەولێر).

لە دەستپێكی ئەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ بە شێوەیەكی خێرایی بەرنامە و كارەكانی وەزارەتی لە ساڵی رابردوو و خۆ ئامادەكردن بۆ ساڵی تازە بۆ كەسی میوان خستەروو. ئەوەشی دووپاتكردەوە سەرەڕای بوونی پێشێلكاری، بەڵام هەوڵەكانی وەزارەت بەردەوامە بۆ بەرلێگرتنی و بۆ ئەم مەبەستەش لەمیانی بەڕێوەبەرایەتیەكان و نوسینگەكانی سەر بە وەزارەت لە شارو شارۆچكەكان سەردان و بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە لە هەموو بوارەكانی مافی مرۆڤ بەردەوامە...

لەمیانی قسەكانیدا جەختی لەسەر ئەوەشكردەوە، كە وەزارەت بەبەردەوامی پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ رێكخراوە ناحكومیەكان پتەوتر دەكات، چونكە ئەوان بەشێكن لە سەركەوتن و ئاشناكردنی پرۆسەی مافی مرۆڤ بە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان.

ئەوەشی بۆ وەفدی میوان روونكردەوە كە كاری باشكراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و بەسەركردنەوەی بەردەوام بۆ بەندیخانەكان و بەدواداچوونی سكاڵای هاوڵاتیان و بەشداریكردنی كارمەندانی وەزارەت لە خولەكانی راهێنان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بەشداریكردنیان لەو خولە تاقیكردنەوەی حكومەتی بەریتانی كە لە پاكستان لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان ئەنجامیدابوو.

هەر لەم دیدارەدا باس لە گەشتەكەی وەزیری مافی مرۆڤ بۆ بەریتانیاكرا كە تیایدا پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی بەریتانیا جەختی لەسەر كرایەوە و لەمیانی چونیشی بۆ وەزارەتی داد-ی بەریتانی هەمووان دووپاتیانكردەوە كە پەرەپێدانی خوێندنی مافی مرۆڤ بەهاوكاری وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و رێكخراوی ئەمنسیتی ئەنتەرناشینال ئەركێكی گرنگە كە بەجیدی كاری لەسەر بكرێ.

رەوشی كەمایەتیەكان بەتایبەتی توركمانەكان و بەرێوەبردنی رۆژانەی ژیانیان لەگەڵ كورد تەوەرێكی دیكەی ئەم دانیشتنە بوو...

هەروەها قونسوڵی بەریتانی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو ئازادییەی لە میدیاكانی كوردستان هەیە كە جۆرێك لە جیاوازی لەگەڵ بەشەكانی دیكەی عیراقی پێوە دیارە.
وەزیری مافی مرۆڤ-یش داوایكرد كە حكومەتی بەریتانی هاوكارییەكانی خۆی بۆ هەرێمی كوردستان زیاد بكات بەتایبەت دوای ئەوەی كە خەریكە رۆڵی عەسكەرتاریەت كەمدەكاتەوە و لە شوێنی ئەو بایەخ بە رەوشی مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و سەروەری یاسا بدات.
هاوكات قونسوڵیی بەریتانی رایگەیاند كە حكومەتەكەی پرۆژەیەكیان لە دەستە بۆ دانانی تاقیگەیەكی مۆدێرن بۆ پزیشكی دادوەری و كەسانی پسپۆڕییان بۆ ئەم مەبەستە هێناوە بۆ راهێنانی كەرتی پۆلیس لەم بوارەدا تا ببنە كادیری ئەم تاقیگەیە و دەرخستنی بەزوویی ئاسەواری تاوانەكان، هەروەها لەو لێكۆڵینەوەیەدا كە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەربارەی خەتەنەكردنی مێینە لە كوردستان بڵاویكردۆتەوە و هەردوولا لەم رووەوە بیروڕایان گۆڕیەوە و وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیكردەوە و رایگەیاند: كە دەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگە بپارێزێ.
هاوكات كەسی میوان هاتە سەر گوزەران و ئاسایشی ژیانی مەسیحیەكانی پارێزگای موسڵ و پاراستنیان لەو كارە تیرۆریستیانەی كە رووبەروویان دەبێتەوە.
لەبەرامبەردا د. شوان محمد عەزیز رایگەیاند: دوای ئەو رووداوانەی هاتنە كایەوە لەم پارێزگایەدا لەلایەن تیرۆریستانەوە دەسەڵات ئەوپەڕی ئامادەباشی خۆی نواند و رووبەرووی تیرۆریستان بۆوە و ئێستا تارادەیەكی باش ژیانی مەسیحیەكان گەڕاوەتەوە دۆخی جاران و ئاسایشی ژیانیان پارێزراوە.

## خولێكی بەهێزكردنی توانایی بۆ
## مامۆستایانی مافی مرۆڤ

**بەمەبەستی** بەهێزكردنی تواناى مامۆستایانی وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەكاندا... ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١٩ وەزارەتی مافی مرۆڤ لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە خولێكی ڕاهێنانی بۆ (٣٠) مامۆستا كردەوە و ئەم خولە (٤) ڕۆژ دەخایەنێ.

لەدەستپێكی خولەكەدا خاتو تاڤگە عومەر ڕشید بەڕێوەبەری گشتی مافەكانی مرۆڤ وتەیەكی خوێندنەوە، تیایدا ئاماژەی بەوەدا كە هاوكاری نێوان هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و پەروەردە لەبواری بەرەو پێشچوونی ئەم ڕەوشە تەكانێكی دیكەی هەوڵەكانە بۆ زیاتر ئاشناكردنی مافی مرۆڤ بە كۆمەڵگا، ئەمەش دەبێ لەنەوەی نوێوە دەستپێبكات و ئەویش بەهەوڵی مامۆستایان دەبێت، چونكە ئەوان چینی پەروەردەكارن و هەمووان لەوانەوە فێری پەروەردە و زانست دەبین... ئەمڕۆ كە لەم خولەدا یەكدەگرینەوە بۆ بەهێزكردنی تواناى مامۆستایانی وانەی مافی مرۆڤ هەوڵێكی ترە بۆ پەرەوپێشچوونی مەدەنیەت و دیموكراسیەت كە بەشێكە لە پلانی بەرەو دیموكراسیەت بوونی گەلەكەمان لەسەرووی هەمووشیانەوە تێگەیشتن لەرەوشی مافی مرۆڤ.

لە میانی ئەم خولەدا كە (٤) ڕۆژ دەخایەنێ ژمارەیەك پسپۆڕ لە بوارەكانی مافی مرۆڤ بەگشتی و ڕێكەوتننامەی مافەكانی منداڵ و چەمكی جەندەر و ڕۆڵی پەروەردە لە پەرەپێدانی ئاشتی و شرۆڤەیەك بۆ پەیماننامەی مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و كلتوریەكان و پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەكان و ئەخلاق و مافی مرۆڤ و چەند بابەتێكی لێكۆڵینەوەكانیان پێشكەشدەكەن.

# وەزیری مافی مرۆڤ:
# پێویستە رۆڵی ( UN ) لە کوردستان چالاك بکرێ.

بۆ زیاتر لە یەکنزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و تێڕوانین و لە یەکگەیشتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بواری رەوشی مافی مرۆڤ بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٠ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە بەرێز فیلیپ وێل کلس راوێژکار لە نێردەی یونامی کرد.

هاوکات لە مەراسیمی ئەم پێشوازیکردنەدا هەردوولا سەرلە نوێ جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێکەوە کارکردن بۆ رەوشەکە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر پێشێلکارییەکان دەبێتە تەکانێك بۆ بەواگاهاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ کەمکردنەوەی ئەم پرۆسەیە و ئەنجامەکەشی بەجوانکردنی پاراستنەکانی مافی مرۆڤ لە دەڤەرەکە دەکەوێتەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا وەفدی میوان دووپاتیانکردەوە کە کار لەسەر سیستەمی دادوەری و رەوشی مافی منالان و ژنان و زیندانیان بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە رۆڵی عەسکەرتاریەت لەم وڵاتەدا بەرەو ئۆغر بوون دەچێت و دەبێ ( UN ) رۆڵی خۆی ببینێ لەم بوارانەدا و لەبەرامبەریشدا وەزیری مافی مرۆڤ داوایکرد کە زەرووریەتە رۆڵی ( UN ) لە هەرێمی کوردستان چالاك بکرێ و دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ئەمساڵ ببێتە ساڵی سەروەری یاسا.

نێردەی یونامی باسی لە ئامانجی سەردانەکەی کرد و رایگەیاند: کە لەبەرنامەیدایە راپۆرتێك لەسەر رەوشی ئاسایشی عیراق بنوسێ کە هەرێمی کوردستان-یش بەشێکە لەم ئاسایشە و ئەم راپۆرتەش بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ دەگرێتەوە و هەمووشی بەمەبەستی گەشەپێدانی بنیاتنانی وڵاتێکی لەشەڕەوە بەرەو پەیرەوکردنی دیموکراسیەت دەبێت.

ئاماژەشی بەوەدا کە لەم راپۆرتەدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە تا چەند ( UN ) دەتوانێ هاوکارییەکانی زیاتر بکات لە رووی بنیاتنانی ئاسایش و سەقامگیری، چونکە وەدەستهێنانی ئەم کارە بەخاڵی یەکەم دادەنرێ لە دروستکردنی وڵاتێکی ئارام و پارێزراو لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش روونیکردەوە کە وێڕای بینینی ژمارەیەك لە لێپرسراوانی پەیوەندیدار لە بەغدا و لە هەرێمی کوردستان-یش لەگەڵ ژمارەیەك لایەن کۆبوونەتەوە و گفتوگۆیان لەسەر ئەم مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازە کردووە و وەزارەتی مافی مرۆڤ یەکێکە لەم لایەنانە.

لەبەشێکی تری دانیشتنەکەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت و حسێن بۆتانی لێپرسراوی بەرنامەکانی کاروباری مرۆڤایەتی و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە لە نێردەی یۆنامی ئامادەیبوون گفتوگۆ لەسەر رەوشی مێدیاکان کرا و لەبەر رۆشنایی ئەوەدا باس لە هێنانەکایەی پرۆژەی مێدیایی کرا لەسەر بنەمایەکی دروست بۆ زیاتر برەودان بە مافی ئازادی رادەربڕین کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە چوونێکی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێ و مێدیا بە ئازادی دەنوسێ و بە ئازادی بیر دەکاتەوە، سەرباری هاتنەکایەی هەندێ پێشێلکاری. هەروەها باس لە پاراستنی مافی منالآن کرایەوە بەتایبەتی لە رووی توندوتیژییەوە.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە کە دەبێ لە هەموو بوارەکاندا مافی منالآن بپارێزرێ و بەهەموو شێوازێك منالّ لە کاری توندوتیژی بەدوور بگیرێ و ئاماژەی بەوەشدا کە وەزارەت بەبەردەوامی کار بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات و بەتایبەت لەرووی تێگەیاندنی منالآن بە مافەکانی مرۆڤ ئەویش لە میانی خوێندنی وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکان کە ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی وەزارەت و وەزارەتی پەروەردە زیاتر پەرەی پێدەدرێ.

# وەزیری مافی مرۆڤ:
# پێشوازی لە نوێنەری دامەزراوەی دوارۆژی ئەمریکی کرد

بۆ زیاتر چوونە ناو کارەکانی رەوشی مافی مرۆڤ و توندوتۆلکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان... نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٥ د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە خاتوو عەبیر داغستانی نوێنەری دامەزراوەی دوارۆژی ئەمریکی کرد لە دەستپێکی ئەم دیدارەدا کە خاتوو سۆزان عارف لێپرسراوی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان ئامادەیبوو، وەزیری مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی تێکرایی باسی لەم هەوڵ و کار و پرۆژانە کرد کە لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان و منالانی سەرشەقام و رەوشی بەندیخانەکان کراوە.

دووپاتیشی کردەوە کە پەیوەندییەکانی وەزارەت لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و قونسولیەی بەریتانی لە برەودایە لەم بوارەشدا پرۆژەی هاوبەش کە لە رووی کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان ئەنجامدراوە.

د. شوان محمد عەزیز جارێکی تریش ئەوەی روونکردەوە کە کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە بواری یاسای باری کەسێتی و یاسای کوشتن لەسەر شەرەف و باری توندوتیژی دژی ژنان و رەوشی بەندیخانەکان کراوە کە جۆرێك لە پێداچوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە و بۆتە هۆکارێکیش بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان لەم دەڤەرە، دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە توندوتیژی دژی ژنان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆش کرایەوە بۆردێك بۆ ئەم مەبەستە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرایەوە بوە هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

لە بەرامبەر ئەمەدا عەبیر داغستانی خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەم روونکردنەوانەی وەزیری مافی مرۆڤ دەربڕی و باسیشی لەوەکرد کە وەزارەت راپۆرتەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە..

لەوەلامدا وەزیری مافی مرۆڤ قسەکانی خۆی پشتڕاستکردەوە هەر سێ مانگ جارێك راپۆرتی وەزارەت کە هەموو راپۆرتەکانی شاروشارۆچکەکانی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکان لەخۆ دەگرێ و بەشێوەیەکی ئاشکرا دابەشی سەر هەموو مێدیاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێ.

لەتەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارەدا باس لە ئامارەکانی پێشێلکاری بەتایبەتی لەرووی توندوتیژی و کوشتن و سووتان و بەپێی دوا ئامار فەرمی کە ئێستا لەوەزارەت هەیە جۆرێك لە کەمبوونەوەی پێوەدیارە... بێشك ئەمەش لە ئەنجامی کارە بەردەوامەکانی وەزارەت و هەموو ئەو رێکخراو و لایەنانەیە کە کار لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە بەووردی گفتوگۆ لەسەر گرنگی کارەکانی بۆردی راوێژکاری کرا لە سەرەتای دروستبوونی وەزارەت ئەم بۆردە لەچەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ناحکومی و ناوخۆی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دروستبووە و رۆڵی هەردوولا لەبەرزکردنەوەی ئاستی رەوشەکە و بەرەوپێشچوونی بەرز نرخێنرا.

هەردوو لاش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن و وەفدی میوان–یش داوەتی وەزیری مافی مرۆڤیان کرد بۆ ئامادەبوونی لە کۆنگرەی ئاشتەوایی کە لەم نزیکانە لە عەممان–ی پایتەختی ئوردن ساز دەکرێ.

## له وەزارەتی مافی مرۆڤ
## دیداری فلیمێکی دیکۆمێنتاری ( کەنەدی ) و پلانی وەزارەت تاوتوێکرا...

دوای ڕۆژی ئەمڕۆ ٢٠٠٩/١/٢٨ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو (ئێمی باڵ) ڕۆژنامەنووس و خاوەنی تەلەفزیۆنی (وەن ڤۆیس)ی کەنەدی کرد کە ئێستا لە سەردانێکدایە بۆ کوردستان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر رەوشی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمریکا لە عێراق کشایەوە ئەوە بسەلمێنرێ بەشەکانی دیکەی عێراق سوود لە نموونەی کوردستان وەربگرن بەتایبەت لەرووی چەسپاندنی فیدراڵیەت و پیشاندانی هەموو ئەو واقعیەتەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە لەم فیلمە کۆیبکاتەوە و پیشانی حکومەت و رای گشتی (کەنەدا)ی بدات.

وێڕای بەخێرهێنانی وەزیری مافی مرۆڤ بۆ وەفدی میوان بۆ دەوڵەمەندکردنی کارەکەی ئامادەیی وەزارەتی نیشاندا بۆ خستنە بەردەستی هەموو دیکۆمێنتارەکانی ئەم کارانەی کە وەزارەت لە بواری مافی مرۆڤ ئەنجامیداوە و بەدرێژی باسی لەو هەنگاوانە کرد کە وەزارەت ناویەتی بۆئەوەی هۆشیاری لەم بوارەدا بڵاوبکاتەوە و ڕووبەڕووی پێشێلکارییەکان ببێتەوە بەمەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ بنبڕکردنی.

هاوکات لەم دیدارەشدا باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی سەروەری یاسا کراو جارێکی تریش وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە کە دەبێ هەموو مەسەلەکان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسا بکرێت و ئەوەشی ڕاگەیاند وەزارەتی مافی مرۆڤ دژی بە ئەنجام گەیاندنی سزای لەسێدارەدانە، چونکە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ یەکناگرنەوە.

لەتەوەرێکی دیکەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەم پەیوەندییانە کرد کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵ پسپۆڕان و ڕێکخراوەکان و لایەنە مرۆڤدۆستەکانی و حکومەتی کەنەدا هەیەتی بەمەبەستی بنیاتنانی هاوکاریکردن بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ئەم رەوشە و ئەم گۆڕانکارییانەی کە لەم بوارەدا لە کوردستان هاتۆتە کایەوە.

هەرهەمان ڕۆژ لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ هەڵسەنگاندنی پلانی وەزارەت لەساڵی رابردوو و گفتوگۆکردن لەسەر پلانی ئەمساڵدا بەسەرپەرشتی د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی فراوان لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی وەزارەت ڕێکخرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا بەدرێژی باس لە کاروچالاکیەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی شاروشارۆچکەکانی وەزارەت کراو هەریەکە و لە ئاستی خۆیاندا بەووردی بەکاروچالاکیەکانی خۆیاندا چوونەوە و دوا پێشنیارەکانیان خستەڕوو

بەمەبەستی ئەوەی زیاتر کار بۆ بەرەوەپێشەوەچوونی رەوشی مافی مرۆڤ بکرێ کە وەزارەتی ناوبراو پسپۆڕایەتی تیادا هەیە... هەرەلەم کۆبوونەوەیەدا سەر لەنوێ جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە بایەخ بەرەوشی ژنان و منداڵان و باشبوونی زیاتری ژیانی بەندکراوان لە بەندیخانەکان بدرێ.

لەرووی پێشنیارکردنەوە وابەچاکزانرا چەند نووسینگەیەك لە هەندێك لەو شوێنە دابڕاوانە بکرێتەوە بەتایبەت لە خانەقین و مەخمور، چونکە زەرووریەتێکی گرنگە کە لە نزێکەوە چاودێری مافەکانی مرۆڤ بکرێ تا لەیەکتر نزیکبوونەوەیەك هە بێت لە نێوان وەزارەت و شوێنە دابڕاوەکان.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ جارێکی تر دوپاتی کردەوە کە بایەخدان بە رەوشی مافی مرۆڤ سەرەتا لەلایەن خۆمانەوە دەبێت ئەوەیش بەنواندنی چالاکی بەردەوام... بۆیە دەبێ هەموومان کار بۆ کۆڵەگەکانی مافی مرۆڤ بکەین ئەویش لەرووی یاساییەوەیە بۆیە با ئەمساڵ بکەینە کارکردن لەسەر سەروەری یاسا...

تا بیکەینە ساڵی سەروەری یاسا....

هەروەها لە پلانی ئەمساڵدا کە وەزارەتی مافی مرۆڤ دەیەوێ جێبەجێی بکات رەوشی مافی منداڵان و بە جیدی کاری لەسەر دەکرێ و هەرچی هەوڵ و پرۆژەیەك لەم رووەوە بێتە پێشەوە ئەنجامدەدرێ.

بەشێکی تری پلانەکە بریتی بوو لە بایەخدان بە ژیانی پیرو پەکەوتەکان و داواشی لە نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکان کرد لەم بوارەدا کاربکەن و سەردانیان بکەن و هاوکاریان بکرێ و رێگا چارە بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزرێتەوە.

## وەزیری مافی مرۆڤ:
## نابێ لە فێرکردنی نەوەی نوێ بە ڕەوشی مافی مرۆڤ درێغی بکرێ.

بە مەبەستی کارکردنی زیاتر بۆ گەشەپێدانی تواناکانی تاك و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن کە دامەزرابێت لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا... سەر لەبەیانی ڕۆژی لە ٢٠٠٩/١/٢٧ وەفدێکی ڕێکخراوی (ستارت) بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی سەردانی وەزارەتی مافی-یان کردوو لەلایەن بەڕێز د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازییان لێکرا.

وێڕای خۆشحاڵی و بەخێرهێنانیان بەڕێزی ئاماژەی بەوەدا کە وەزارەتی مافی مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوامە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانی وەزارەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێم و نێودەوڵەتی، ئەمەش بەخستنەرووی پرۆژەی سودبەخشانە دەبێت بەتایبەت لە میانی جێبەجێکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بە گشتی کە ئەمە داوایەکی پڕ بایەخی دروستبوونی دیموکراسیەتە کە گەلەکەمان هەنگاوی بۆ دەهاوێژێ ئەمەش بەوە دەبێ کە هەوڵبدەین سیمای مافی مرۆڤ لە هەرێمەکەمان جوانتر بکەین، ئەویش دەبێ لە فێرکردنی نەوەی نوێوە بەم ڕەوشە درێغی نەکرێ.

لە بەرامبەردا وەفدی میوان پشتگیرییان لە قسەکانی کرد و دووپاتیانکردەوە، کە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ بەدیموکراسی کردنی دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و داکۆکیکردن لە پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ تایبەت بە پاراستنی مافی منالان و ژنان بە شداریکردنی هەموو ڕێکخراوەیەکی مەدەنیە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.

لە تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارەدا هەردوو لا باسیان لە هەوڵدان کرد بۆ گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە ڕێگای ئاشناکردنی کۆمەڵگە و کولتوری یەکترقبوڵکردن.

هەروەها لە میانی گفتوگۆکاندا د. شوان محمد عەزیز دووپاتیکردەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ پاڵپشتی هەموو ڕێکخراوێکی چالاك دەکات کە مەبەستی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت و داواشی لە ڕێکخراوی (ستارت) کرد کە هەوڵبدەن کاری باش بکەن و پرۆژەی تێروتەسەل پێشکەش بکەن و وەزارەتیش پشتگیرییان دەکات.

## وەزارەتی مافی مرۆڤ
## ئیدانەی کوشتنی خاتوو ( شەوکەت ) و ( فێنك ) دەکات.

لەو دەمانەی  هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەوڵ و کاری ئەوەدان کە بەهەموو توانایەکیان کار لەسەر داکۆکیکردن و ڕەوچاوکردنی مافەکانیان و کۆششێکی بێوچان بۆ بە گژداچونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان بکەن و ڕەوایەتی ئازادی ڕادەربرین و هەڵبژاردنەکانی کەسێتی ئەوان بچەسپێنن کەسانێك هەن بەدەروونێکی پڕ لە قینەوە دەڕواننە هەموو شتە جوانەکانی ژنان و بە بیانووی شەرەفەوە زیندە بەچاڵ -یان دەکەن و بەگوللەی کوێرانەیان دەیانکوژن کە ئەمانە هیچیان لەگەڵ هیچ نەریتێکی ئایینی و مرۆڤایەتی ناگونجێ و دوورە لە هەموو ڕەوشتێکی پاك و پڕیەتی لە کۆنەپەرستی و نەخۆشیە دەروونییەکانەوە، هەر لە درێژەی تاوانە بێڕەحمانەکەی ئەم کەسە ویژدانکوژانەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو ڕووداوی دڵتەزێنی کوشتنی کچان و ژنان شعوری هەمووانی هەژاند کە ئەوانیش کوشتن و خنکاندنی خاتوو (شەکەوت محمد عزیز) ە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٧ سەعاتی (٣)ی دوای نیوەڕۆ تەرمەکەی بە خنکێنراوی لە گوندێکی دەڤەری (ڕانیە) لە ژێر گڵدا دۆزراوەتەوە، ئەم تاوانە زۆر بە عەقڵییەتێکی ژەنگاوییەوە ئەنجامدراوە و دوای ئازاردانێکی زۆری جەستەیی و ئەشکەنجەدانێکی لەرادەبەدەر و لە دوایشدا خنکاندن و شاردنەوەی تەرمەکەی کە هەرگیز ئەمە لەگەڵ هیچ بنەمایەکی مافی مرۆڤ ناگونجێ.

هەر لە دەڤەری پشدەر و لە شارۆچکەی قەڵادزێ دیسانەوە گومان دەکرێ دەستی تاوان گەیشتبێتە جەستەی بێگەردی (فێنك) ی تەمەن (٢١) ساڵە و هەر لەسەر ئەوەی کە ملوانکەی پیتێکی غەیرە پیتی ناوی خۆی لەسەر بووە و بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا بەم ناوەوە هەیە کە ئەمەیان بە مافێکی ڕەوای هەر کەسێك دادەنرێ  بەدڵی خۆی و بەرەزامەندی خۆی هاوسەرەکەی خۆی هەڵبژێرێ... کەچی لەلای کەسانی بکوژ و تاوانبار ئەمە پێچەوانەی هەموو نەریتێکی ویژدانیە... بۆیە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێرای ئیدانە کردنی توندی ئەم تاوانانە، داوا لە یاسا دەکەین سزای توندتر  بە بکوژانی هەردوو خانم (شەوکەت محەمەد عزیز و فێنك) ڕەوا ببینن تاکو ببنە عیبرەت بۆ نیاز خراپی ئایندەی ئەوانەی کە دەیانەوێ تاوانی لەم جۆرە ئەنجامبدەن و زۆر بە زوویی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانانە بکرێ و بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕیسوای بکوژەکانیان بگەیەنرێتە مێدیاکان و نێوکۆمەڵگا.

دووبارەشی دەکەینەوە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ بەردەوام دەبین لەسەر بەدواداچوونی ئەم کێشانەو دەنگی خۆمان بگەیەنینە دادگا کە لە چوارچێوەی یاسادا بکوژان سزای یاسایی خۆیان وەربگرن...

دیسانەوە وەکو ئەرکێکی مرۆڤانە مەحکومی ئەم جۆرە تاوانانە دەکەین و با ئەم کەسانەش لەناو کۆمەڵگادا شەرمەزار بکرێن و ئێمە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کاری چڕتر لەسەر بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان دەکەین....

**وەزارەتی مافی مرۆڤ**

**٢٠٠٩/٢/١١**

# ئه نجامدانی بەستنی کۆنفرانسێك بۆ رێکخراوەکانی هەرێم

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری لە وەزارەتی مافی مرۆڤ کە ژمارەیەك رێکخراوی ناحکومی تیایدا ئەندامە، رۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٤ لە دیوانی وەزارەت بە سەرپەرشتی دکتۆر شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامدرا.

لە ئەجێندای کۆبوونەوەکەدا چەند خاڵێك خرایەروو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لەمانە:

تاوتوێکردنی بەرنامەی وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٠٩ و قسەکردن لەسەر سەروەری یاسا و لێکدانەوەی رەوشی مناڵان و بیروراگۆڕینەوە لەسەر بەستنی کۆنفرانسێك بۆ رێکخراوەکان کە وەزارەت لە بەرنامەکانیدایە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ئەنجامی بدات.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی رەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکان خرانەروو.

لەلایەکی دیکەوە لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا بۆردی راوێژکاری جارێکی تر جەختی لەسەر پاراستنی رۆژنامەنوسان کردەوە و جەختیشیان کردەوە کە دەبێ بەهیچ شێوەیەك لەکاتی جێبەجێکردنی کاری رۆژنامەنووسیان پێشێلکارییان دەرهەق نەکرێ و هەر لەم رووەوە تاوتوێی هەندێ لە برگەکانی یاسای رۆژنامەنوسان کرا بەتایبەت ئەو برگانەی کە قودسیەتی کاری رۆژنامەنوسیی پێوە بەندە.

لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی توندوتیژی کرا کە ئەم مەسەلەیەش لایەنێکی گرنگی ئەمڕۆی کۆمەڵگایە و بڕیاریشدرا کە هەوڵەکان زیاتر بکرێ بۆ کەمکردنەوەی بەتایبەت کە ئێستاکە هەندێ لە رێکخراوەکان کار لەسەر راپرسی و کۆکردنەوەی داتا بۆ ئەم مەبەستە دەکەن و دیارە ئەمەش لە ئەنجامی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکاندا هاتوون کە لەم بوارەوە دەکرێ.

شایانی باسە بۆردی راوێژکاری دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ ژمارەیەك لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆییەکانی تایبەت بە رەوشی مافی مرۆڤ تیایدا ئەندامە.

## وەزارەتی مافی مرۆڤ و هیومان رایس ووچ
## داوا دەکەن رۆژنامەنووس دەستگیر نەکرێ

بۆ زیاتر له یەکگەیشتن و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ رێکخراوی (هیومان رایس ووچ) کە رێکخراوێکی کاریگەرە لە بوارەکانی رەوشی مافی مرۆڤ و بارەگای سەرەکی لە ئەمریکایە. سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٥ دکتۆر شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە (پیتەر بۆکارت) سەرۆکی وەفدی رێکخراوی (هیومان رایس ووچ) کرد کە ئێستاکە بە سەردانێك گەیشتووەتە کوردستان.

لە سەرەتای دیدارەکەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ ئامادەیبوو وەزیری مافی مرۆڤ بە وردی باسی لەو کارو چالاکیانە کرد کە لە ماوەی دروستبوونی وەزارەت لە کابینەی پێنجەم ئەنجامیداوە بەتایبەت لایەنەکانی توندوتیژی دژی ژنان و رەوشی بەندیخانەکان و کێشەی تیرۆر و رۆژنامەنوسان و چەندی تر.... ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم چالاکی و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونانە هەر (٣) مانگ جارێك لە دووتوێی راپۆرتێکی تێروتەسەل بەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان و مێدیاکان بڵاودەکرێتەوە تا لە نزیکەوە هەموو لایەك لە رەوشی مافی مرۆڤ شارەزایی پەیدا بکەن و هەست بەوە بکەن کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر پێشێلکارییەکان.

لەبەرامبەردا (پیتەر بۆکارت) رایگەیاند: کە لەمیانی بەدواداچوونەکانیاندا رەوشی بنکەکانی ئاسایش جۆرێك لە گۆڕانکاری تیاکراوە و کار لەسەر دیاردەی توندوتیژی کراوە.

هاوکات باسیشی لەوە کرد کە دەبێت بەپێی یاسای رۆژنامەنووسان کەسێتی رۆژنامەنووس بپارێزرێ و نابێ لەسەر کاری رۆژنامەنووسی دەسگیر بکرێ.

هەردوو لاش کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ بەبەردەوامی رووبەرووی ئەو پێشێلکارییانە ببنەوە کە دەر هەق بە رەوشی مافی مرۆڤ دەکرێ.

لەکۆتایی دیدارەکەدا وەفدی ناوبراو خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر بەوە دەربڕی کە بایەخدان بە رەوشی مافی مرۆڤ لە بەرەو پێشەوەچووندایە و هیواشیان خواست کە ئەم رەوشە بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بێت بەرەو بنیاتنانی مەدەنیەت و دیموکراسی .

## ڕێکخراوە مەدەنییەکانی عیراقی
## خوازیارن سوود لە تاقیکردنەوەکانی ڕەوشی مافی مرۆڤی کوردستان وەربگرن...

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١٥ بەڕێز دکتۆر شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە خاتوو دکتۆر ڕەندە ڕەحیم سەرۆکی پەیمانگای عیراقی کرد کە ڕێکخراوێکە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە لە بواری ڕەوشی مافی مرۆڤ کاردەکات.

لەدەستپێکی دیدارەکەدا کە بەڕێز عبدالله عبدالكريم بەڕێوەبەری گشتی دیوان ئامادەیبوو خاتوو ڕەندە باسی لە ئامانجی سەردانەکەی کرد بۆ کوردستان کە بریتییەلە پرۆژەی کۆکردنەوەی زانیاری و چۆنیەتی نوسینی ڕاپۆرت لەمەڕ مافی مرۆڤ و ڕاهێنانی کادیر لەم ڕووەوە کە زەرورییەتێکی بنەڕەتییە بۆ ئەمڕۆی ڕەوشەکە و چەسپاندنی دیموکراسەت و بیروباوەری دیموکراسیەت و ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی ئەوەیکردەوە کە وەزارەت ئامادەیە پەیوەندییەکانی خۆی بە بەردەوامی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان پەرەپێبدات و ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم پرۆژەیەی پەیمانگای عیراقی بەشێکە لەو کارە گرنگانەی کە کاتی ئەوە هاتووە کاری لەسەر بکرێ و وەزارەتیش ئامادەیە بۆ هاریکاریکردن.

هەر لە میانی وەفدەکەدا کە ژمارەیەك پسپۆڕ لە بواری مافی مرۆڤ ئامادەبوون چەند پرسیارێکیان ڕووبەڕووی وەزیری مافی مرۆڤ کردەوە کە پەیوەندی بە کارەکانی وەزارەت بەتایبەت لەڕووی پێشێلکاری و توندوتیژی و سکاڵاو بەندیخانەکان هەبوو.

هاوکات وەزیری مافی مرۆڤ لەوەڵامەکانیدا ئەوەی ڕوونکردەوە کە وەزارەت بەبەردەوامی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ هەموو ئەم سکاڵایانە دەکات کە دەگەنە وەزارەت و بەبەردەوامیش سەردانی بەندیخانەکان دەکرێ و لە ڕەوشی زیندانیان دەپێچرێتەوە و لەکاتی ڕوودانی هەر پێشێلکارییەك ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار دەکرێ و تا ئێستاش بەدەنگمانەوە هاتوون گەیشتوتە ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی ورد بکرێ.

لەتەوەرێکی دیکەدا هەردوو لا باسیان لەسەر توندوتیژی دژی ژنان کردەوە و باسیش لەو هەنگاوانە کرا کە وەزارەت لە میانی بەرنامەکانی خۆیدا ناویەتی بۆ کەمبوونەوەی ئەم دیاردەیە و ئاماژەشی بە ڕۆڵی وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئەوقاف و داد کرا کە هاوکاری و بەدواداچوونی بەردەوامیان لەم ڕووەوە هەیە و گەیشتووەتە ئەوەی کە گۆڕان لە برگە یاسای کوشتنی شەرەف بکرێ لە حوکمی سوکەوە بۆ دادگایی کردنی

تاوانباران به بڕگه یاسایی (٤٠٦) له یاسای سزادانی عیراقی، باسیشی لەو پەناگایانه کرد که حکومەتی هەرێم کردوینەتەوە بۆ ئەو ژنانەی که ژیانیان لەلایەن خانەوادەکانیان له مەترسیدایه.

هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا هـەردوو لا کـۆك بـوون لەسـەر ئـەوەی رێکخـراوه مەدەنییـەکانی عیراقـی سـەردانی وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ بکـەن بـۆ زیـاتر تێگەیـشتن لـه رەوشـی ئـەمرۆی مـافی مـرۆڤ لـه کوردسـتان و سـود وەرگرتنیـان لـه تاقیکردنـەوەکانی چـۆنیەتی کارەکـانی وەزارەت بەتایبـەت لـه رووی جێبـەجێکردنی بەرنامەکانیان.

(UNDP)

## پرۆژەیەکی درێژخایەن لەمەڕ مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا ئە نجامدەدات

نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٠ لە دیوانی وەزارەت بەڕێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو (هێلین ئولافس) راوێژکاری رێکخراوی (UNDP) و وەفدە یاوەرەکەی کرد کە لە وڵاتی ئوردنەوە بەسەردانێك گەیشتوونەتە کوردستان بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەیەك لەسەر دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و سەروەری یاسا کە بە نیازن پلانێکی درێژخایەن لەسەر راهێنانی کادیران بەتایبەت لە بواری دادوەر و لێکۆڵەرەوەی یاسایی و پۆلیس و بەرێوەبەرایەتیەکانی توندوتیژی دژی ژنان و فەرمانبەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەنجام بدەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لەم بوارانەدا لەم هەرێمە هەست پێدەکرێ.

لە دەستپێکی دیدارەکەش وەفدی میوان زیاتر لە هەوڵی ئەوەدان کە زانیارییەکان کۆبکەنەوە و جۆرێك لە یەکگەیشتنی هەمە لایەنە لەسەر ئەم پرۆژەیەی توندوتیژی و سەرەوەری یاسا کە ئەمڕۆ بووەتە جێگای بایەخپێدانی مێدیاکان لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بیروڕا بگۆڕنەوە و بیروبۆچوونەکان بخرێتە روو لەمەڕ ئەم دوو مەسەلەیە کە بە زەرووڕەت دەزانرێ و کاری هەمەلایەنەشی بۆ بکرێ لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لەم هەوڵانە کرد کە حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و چەسپاندنی سەروەری یاسا ناویەتی و دەستخۆشی لە رێکخراوی (UNDP)یش کرد بۆ کارکردنیان لەسەر ئەم جۆرە پرۆژانە لە هەرێمەکە کە جۆرێك لە بەدەنگەوەهاتنی رێکخراوە مرۆییەکانی دونیا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مافی مرۆڤ و کارکردنێکی پیرۆزیشە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی، باسیشی لەم ئامارە فەرمیانە کرد کە لەم ماوەیەدا ئەنجامدراوە و وانیشاندەدا ئەم دیاردە گۆڕانێکی لە رووی کەمبوونەوە بەخۆیەوە دیوە بەتایبەت دوای گۆڕینی هەندێ لە برگە یاساییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و سیمینار و بەشداریکردنی کادیران لە خولەکانی راهێنان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

لە تەوەری دوایش کە بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ ئامادەیبوو هەردوو لا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە کۆکبوون لەسەر بنیاتنانی ئەم مەرامانە و دەبێ هەمووان کار بۆ ئەوە بکەن ئەم دیاردەیە کەمبکرێتەوە و سەروەری یاسا بە سەرەوەری بمێنێتەوە، چونکە ئەم دوو خاڵە وەرچەرخانێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی....

# لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمریکی
# لەسەرچارەی خۆنووسینی کورد دەنووسێ...

دوای نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٩/٣/٣ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت دکتۆر شـوان محەمـەد عزیـز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی (کریت کلەین) کرد کـە ئێستا بەمەبەسـتی نووسـینی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن لەسەر چارەی خۆنووسینی کورد بەسەردانێك گەیشتۆتە کوردستان.

لەدەستپێکی دیدارەکەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ ئامادەیبوو وەزیری مـافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لە چۆنیەتی سیستەمی کارەکانی وەزارەتی بۆ کرد و ئەو چالاکیانەی لەبواری مافی مرۆڤ بەتایبەت بوارەکـانی توندوتیـژی و سـکالای هاولاتیـان و رەوشـی بەندیخانـەکان و ژنـان و منـدالان و گـۆڕینی یاساکان.... ئامازەشـی بـەوەدا کـە وەزارەت بـە شـێوەیەکی جیـدی کـار بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەکـات و ئەمـە گەواهیەکی گرنگیشە کە حکومەت خۆی پەنجە دەخاتە سەر پێشێلکاری و چارەسەرییەکان، چـونکە ئـەمڕۆی مەدەنیەت و بنیاتی دیموکراسیەت بەندە بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ... هەر لەم پێودانگەشەوە وەزارەت هەر (٣) مانگ جارێك راپۆرتی هەمەلایەنە لەسەر بوارەکانی ئەم رەوشە ئامادە دەکا و بلاویدەکاتـەوە و دەیخاتـە بەردەم مێدیاکان...

لەبەرامبەردا (کرێت کلەین) وێڕای دەست خۆشی کردنـی لەکاروچالاکیەکانی وەزارەت مەبەسـتی گەشـتەکەی خۆی بۆ وەزیری مافی مرۆڤ روونکردەوە کە دەیەوێ لێکۆڵینـەوەیـەکی فـراوان لەسـەر تاقیکردنـەوەکانی ئـەم چەند ساڵەی حوکمڕانی کوردستان بنوسێ و بلاویبکاتەوە بەتایبەت لەسـەر مـافی چـارەی خۆنووسـین لـەلای گەلی کورد کە بە چ شێوەیەك بکرێ و لەسەر و بەندی ئێستادا چۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم رەوشـەدا بکـرێ.... ئەمەشی خستەڕوو کە ئایا هیچ فاکتەرێکی یارمەتیدەر لە ئارادا هەیە بۆ بەرەو پیشەوەچوونی ئـەم رەوشـە و مامەڵـەی دەوروبـەر لەبەرامبـەر ئـەم بیرکردنەوەیـە چـۆن دەبێـت... ئەوەشـی راگەیانـد کـە دیـارە بـەرەو پێشچوونێکی بەرچاو لە گەشەپێدان و بنیاتی شارسـتانیەت و هـەنگاونان بـەرەو دیموکراسـیەت لـەم دەڤـەرە خۆی وەدەردەخات و لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەی عێـراق جۆرێـك لـە جیـاوازی بەدیـدەکرێ بەتایبـەت لـەڕووی چەسپاندنی هێمنی و ئاسایش کە ئەمەش بەبەشێك لە سەقامگیری وڵات دادەنرێ.

لەتەوەرێکی دیکەی ئـەم دیـدارەدا بـاس لـە مەسـەلەی کـەرکوك کـرا کـە چـۆن هەوڵـدەدرێ چارەسـەرییەکی عادیلانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ئەم هەوڵەی (کرێت کلەین)ی بـەرز نرخانـد و بـەکارێکی پـیرۆزی وەسـفکرد و راشیگەیاند ئەم بیرکردنەوەیە ئاواتی هەمووانە، بەڵام لە ئانوساتی ئێستادا هێشتا زووە.

# ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی ( لێبوردنی نێودەوڵەتی )..

بەر لە چەند ڕۆژێك ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی) ڕاپۆرتێکی تایبەت ئامێزی لەمەڕ ڕەوشی ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بە ناوی (هیوا و ترس) بڵاو کردەوە... دیارە ئەمە یەکەمین ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوەیە لەم چەشنە لەسەر هەرێمی کوردستان ... ئێمەش وەکو وەزارەتی ماف مرۆڤ پێش ئەوەی بچینە ناو ووردەکارییەکان و دەربڕینی ڕاو سەرنج و بۆچوونەکانمان لەسەر خودی ڕاپۆرتەکەی دەمانەوێ ئەمە بخەینە بەر دیدگای هەموو لایەك بە ڕێکخراوی (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال)یشەوە کە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە جیاوازبوونی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراقی پێوە دیارە بە تایبەت ئەم هەرێمە ئەوپەڕی کراوەیی لەسەر جیهان بەگشتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی و سەردانیکردنیان بە مەبەستی نوسینی ڕاپۆرتەکانیان لەسەر ڕەوشی ماف مرۆڤ لەم دەڤەرە پێوەدیارە.

ڕێکخراوی ناوبراو لە مانگی ئایاری (٢٠٠٨) هاتنە کوردستان و لەم سەردانەیاندا چوونە ئاسایش و لە نزیکەوە بەندیخانەی ئاسایش و هەر چی بەندیخانەیەکی دیکەی ویستبێتیان بە سەریانکردەوە و لەگەڵ لێپرسراوانی حکومی و ڕێکخراوەکان دیداریان سازدا بە شێوەیەکی ئازادانە بیروڕایان گۆڕییەوە...

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە وەکو وەزارەتی ماف مرۆڤ بایەخپێدانێکی تایبەت دەدەینە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتانە لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە خاسیەتێکی گرنگی هەیە و لەسەر ئاستی جیهان و دەوروبەردا ناسراون و جۆرێك لە سەنگی خۆیان هەیە، هەروەها بۆ تاقیکردنەوە نوێیەکەی وەك وڵاتانی ئێمەش ئامرازێکی سوودبەخشانەیە تا لە سایەیدا سوود لە ئەزموونەکەیان وەربگیرێ و کاردانەوەیخۆشی هەبێت بۆ سوودوەرگرتن لە بەرەوپێشوەبردنی ڕەوشی ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ... تێڕوانینێکی دیکەی وەزارەتی ماف مرۆڤ — یش لەم ڕاپۆرتانەدا ئەوەیە کە دەبێ ئەم ڕێکخراوانە ڕەچاوی دروستی ئامار و شوێن و ناو و ئەو کەرەستانەی ئاماژە پێدەدەن بکەن تا ئێمەش لە لای خۆمانەوە بەدواداچوون لەسەر ئەم خاڵانە بکەین، بۆ ئەمەش زەرورییەتە لە ڕاستی ئامار و کەسە زۆلملێکراوەکان بەر لەوەی ڕاپۆرتەکانیان بڵاو بکەنەوە ئاگادارمان بکەنەوە تا بە دڵنیاییەوە حەقیقەتەکانیان بۆ بخەینە ڕوو بۆ نموونە:

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەیاندا ناو و وێنەی (١٣) کەسیان بڵاوکردۆتەوە کە ئەم کەسانە بەر لە ماوەیەکی گەلێك زۆر و لە ئەنجامی بەدواداچوونی وەزارەتی ماف مرۆڤ ئازاد کراون و ئێستا لە دەرەوەی بەندیخانەن..

ڕاپۆرتی ئەمجارەی ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی) جەختی لەسەر سێ تەوەری سەرەکی کردۆتەوە کە ئەمانەن:

١– ڕەوشی زیندانیان و بەندیخانەکان و ڕۆلی ئاسایش

٢– ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان

٣– توندوتیژی دژی ژنان

وێڕای ئەوەی وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەم ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی گشتی بە ئیجابی وەسفدەکەین، چونکە هەردوو لایەنەکەی خستۆتە ڕوو و لەسەرەتای ڕاپۆرتەکەیدا باس لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە دەکات کە لە بواری مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هاتۆتەکایەوە و ئاماژەش بەوەدەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکان لەم دەڤەرە کاردەکەن و سەدان کەس لە زیندانەکان بەر یاسای لێبوردنی گشتی کەوتون و ئازادکراون و ژمارەیەك یاسای نوێ کە پەیوەندی بە ڕەوشی مافی مرۆڤەوە هەیە دەرکراوە لە مانە یاسای ڕۆژنامەنووسیی و یاسای لێبوردنی گشتی و یاسای دژە تیرۆر و ... هتد، هەروەها باسیشی لە هەموارکردنی چەندین یاسا کردوە وەك:

یاسای باری کەسێتی... ئینجا دێتە سەر باسکردن لە هێنانەکایەی چەندین هۆکاری نوێ بۆ چاودێری کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ وەکو دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و دامەزراندنی بۆردی ڕاوێژکاری لە لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ کە ژمارەیەکی بەرچاو لەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی تایبەتمەندیتیان هەیە لە بواری مافی مرۆڤ تیایدا ئەندامن بە مەبەستی تاوتوێکردن و بە دواداچوون و گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم ڕەوشە لە هەرێمەکەدا.

بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکە ڕەخنەگرتنە لە دەزگاکانی ئاسایش بەوەیان وەسفدەکات کە لە دەرەوەی دەسەلاَت کاردەکەن و گرتنی هاولاَتیان بە هەڕەمەکی ئەنجامدەدەن و ئەشکەنجەی هاولاَتیان دەدەن و چەندین نموونەشیان لەم ڕووەوە هێناوەتەوە، ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ سالَی (٢٠٠٨) پەیوەندیمان بە ڕێکخراوی ناوبراو کردوەو زانیاری تەواومان لەسەر حالَەتەکان داونەتێ و کە زۆربەیان هی سالاَنی بەر لە سالَی (٢٠٠٨) بوە و لەگەلَ هاتنیشمان لە کابینەی پێنجەم کاری جیدیمان بۆی کردوە و ئیجرائاتی بۆ وەرگیراوە و زۆربەشیان چارەسەرکراون، تەنها چەند حالَەتێك نەبێت کە لەوەش هەر خۆمان ئەوانمان لێی ئاگادارکردۆتەوە کە تاکو ئێستاکەش هەر ماوە و چارەسەر نەکراون و ناوی کەسەکانیشمانبە ئەوان داوە و بۆ ئەمانەش لە بەدواداچوون و کارکردن نەوەستاوین بۆ ئەوەی لە داهاتودا چارەسەر بکرێن.

دوا بە دوای ئەمەش هەر لەگەلَ دروستبوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەم حکومەتەی ئەمجارە جەختمانکردۆتەوە و کاریشمان بۆ کردوە و چاودێریشمانکردوە کە نابێ هیچ کەسێك بە بێ بڕیاری دادوەر و بڕیاری دەسگیرکردن (مذکرة القبض) بگیرێ و دەبێت پارێزەری تایبەتی خۆی هەبێت و بە بەردەوامی خانەوادەکەی ئاگاداری

ژیانی رۆژانەی بن و تاوانەکەشی دیارییکرێ و لە ماوەی یاساییدا پرۆسەی دادگاییکردنی کۆتایی بێت، بۆیە ئەم خالانەی کە ئاماژە پێدراوە لە راپۆرتەکەدا کۆنە و هی سالی (٢٠٠٨) نین و چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە.

هەر لەم راپۆرتەدا باس لە بوونی زیندانی سیاسی کراوە لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان... دیسانەوە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ رایدەگەیەنین بە پێی بەدواداچوون و سەردانیکردنمان بۆ زیندانە رەسمیەکان هیچ حالەتێکی زیندانی سیاسی بەدینەکراوە و لە کاتی خۆشیدا ئیعلانی ئەو خالەمانکردوە و بەلکو ئەوانەی لە راپۆرتەکەدا بەم ناوەوە ناوزەدکراون هەموویان پەیوەندییان بە کاری تیرۆریستیەوە هەیە، نەك ئەندامی هیچ حیزبێکی ئیسلامی بن... دەربارەی ئەوەش کە زیندانی نهێنی هەبێت حالی حازر تاکو ئێستا واتە لە سالی (٢٠٠٨) کەسێك نەهاتۆتە بەرێوەبەرایەتی سکالا لە وەزارەتی مافی مرۆڤ سکالا تۆمار بکات و ئیدیعای ئەوە بکات لەم سالەدا لە زیندانێکی نهێنی گیرابێ تا ئێمەش بە زوویی بەدواداچوونی بۆ بکەین  کە واتە بە پێی ئەو سیستەمە فەرمیەی کە وەزارەت دایرشتوە بۆ بەسەر کردنەوەی بەندیخانەکان پێمان شکنایێ سالی (٢٠٠٨) زیندانی نهێنی هەبووبێت.

بۆ کێشەی رۆژنامەنووسانیش وەزارەتی مافی مرۆڤ هەموو پێشێلکارییەك بۆ سەر بیروڕای ئازاد و خودی رۆژنامەنووسان رەتدەکاتەوە و لە کاتی روودانی هەر پێشێلکارییەکیش دژی رۆژنامەنووسان بەیاننامەی ئیدانە کردن و لەکاتی دەسگیر کردنیشیان بە زوویی هەولی ئازادکردنیانمانداوە، نموونەش کارکردنمانبوو بۆ بەردانی بە زوویی نووسەر و رۆژنامەنووس(د.عادل حسین)، لە هەمان کاتیشدا رایدەگەیەنین کە یاسای رۆژنامەگەری لە مانگی تشرینی یەکەمی سالی ٢٠٠٨ بلاوکراوەتەوە بە شێوەیەکی باش جێبەجێنەکراوە و کارکردنی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر جێبەجێبکرێ و هەر پێشێلکارییەکیش کرا بێ سەندیکای رۆژنامەنوسان لە راپۆرتەکانی خۆیان ئاماژەیان  پێداوە و بە دواداچوونی ووردیشیان لە دۆسیەکان کردوە.

هەر لە راپۆرتەکەدا باسی توندوتیژی دژی ژنان کراوە، وێرای ناخۆشحالیمان بەرامبەر بەم دیاردە ناشارستانیەتە رایدەگەینین کە ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەلام حکومەتی هەرێم لە میانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەستە وەستان نەوەستاوە و هەنگاوی عەمەلی و باش بۆ بەرەنگاربوونەوەی نراوە و پرۆژەی سوودمەندی بۆ تەرخانکراوە لەمانەش پرۆژەی هاوبەشی وەزارەتی مافی مرۆڤ و قونسولیەی (بەریتانیا) لە هەولێر کە هەلمەتێکی هۆشیارکردنەوە بوو لە گوندەکانی کوردستان و گفتوگۆ کردنێکی رووبەروو بوو لەگەل ژنان بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە و بە پێی ئامارە فەرمییەکانیش ئەم دیاردەیە لە چاو سالانی رابردوو کەمی کردۆتەوە و ئامارەکان دەریدەخەن  جاران لە مانگێکدا (٤٠) کچ و ژن

ڕووبەڕووی کوشتن دەبوونەوە، بەڵام ئێستا ئامارەکان مانگانە ناگاتە(١٠) کچ و ژن ئەمەشیان هەر کارەساتێکی دڵتەزێنە و کاری زیاتری دەوێ تا هەر بە تەواوی بنبڕ بکرێ.

وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ دووپاتیدەکەینەوە راپۆرتی (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال) بە شێوەیەکی گشتی بە کارکردنێکی باشی وەسفدەکەین و کاریش لەسەر راسپاردەکانیان دەکەین و هیواداریشین لە راپۆرتەکانی ئایندەیاندا جۆرێك لە ووردبینی تەواوی تێدا بێت و رۆلی گرنگتر بگێڕن لە دروستکردنی پەیوەندییەکانیان تا ئامار و حاڵەتەکان دروستتر بن ، ئەمەش لە قازانج و بەرەوپێشەوە چوونی رەوشی مافی مرۆڤە لە کوردستان بە تایبەت ئەمەشیان لێ ڕەچاو دەکرێ، چونکە ئەوان خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندن لەم بوارەدا.

**وەزارەتی مافی مرۆڤی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٠٩/٤/٢٠**

# راپۆرتی بەشی بەندیخانەکان لە وەزارەتی مافی مرۆڤ
# بۆ مانگەکانی (کانوونی دووەم ، شوبات ، ئاداری ٢٠٠٩)

**بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران وفەرماندەی گرتن وگواستنەوە / هەولێر :**

لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت بەشێوەیەکی دەوری و بەردوام سەردانی بەندیخانەکانی چاکسازی و بەندیخانەکانی ئاسایش کراوە لەسنوری شاری هەولێر ئەمەش بە مەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی بەندکراوەکان لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان لەبەندیخانەدا، هەروەها لەم ماوەیەدا بەدواداچونی پێویست کراوە بۆ سەرجەم ئەوسکالاو کێشانەی کەپیوەندیداربوون بە بەندیخانەکان و ژیانی بەندکراوان و هەوڵی چارەسەرکردن و بەدی هێنانی مافەکانیاندراوە .

**بەشی حوکومدراوەکان :**

١- حوکمدراوەکان داواکاری ئەوەیان هەبوو چونە بەر رۆژیان هەبێت چونکە ئێستا لە هەفتەی (دوو) کاتژمێر دەچنە گۆرەپان بۆ بەر رۆژ.

٢- سەرەڕای بوونی بنکەیەکی تەندروستی گونجاو بۆ ئەم چاکسازیە، بەلأم هەندێ کەموکوڕیان هەبوو لە دەرمان و ئامێر ئەوی لە هەموویان گرینگترە ئەوەیە کە (ئۆکسجین) لەم بنکەیەدا نییە ئەمەش کێشەی بۆ بنکەی تەندروستی و بەندکراوە نەخۆشەکان دروست کردووە ,بەتاییبەت ئەو بەندیانەی نەخۆشی (رەبو) وتەنگە نەفەسیان هەیە . بۆیە داواکارن ئۆکسجین بۆ ئەم بنکەیە دابین بکرێت .

٣- سەبارەت بەجۆری خواردنی پێشکەش کراو بۆ بەندکراوەکان گۆڕانی بەسەر داهاتووەو ئێستا بە گوێرەی خشتەیەکی گونجاو خواردن بۆ بەندکراوەکان دابین دەکرێت کە لەروی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە زۆر باشە .

٤- لەرووی سەردان و چاوپێکەوتن هیچ گلەیەکیان نەبوو و بەپێی خشتەیەکی تایبەت کاتی سەردان رێکخراوە، بەلأم شوێنی چاوپێکەوتنەکەیان سەری والأیەو گونجاو نیە بۆ چاوپێکەوتن لە وەرزەکانی هاوین و زستان.

٥- مامەڵەی کارمەندان لەگەڵ بەندکراو و کەس وکاری بەند کراوەکان زۆر باشە.

٦– بەندكراوەكان بەشێوەیەكی گشتی داواكاری ئەوەیان هەبووە كە لە كاتی بەسەربردنی ماوەی حوكمەكانیان سیستەمی (اجازە) كاری پێبكرێت تاوەكو لە توانایان دا هەبێت بە پێی یاسا بتوانن بە (اجازە) بگەڕێنەوە ناو خێزانەكانیان ، بەتایبەتیش ئەو بەندكراوانەی ماوەیەكی زۆریان لە كاتی حوكمەكانیان لەبەندیخانە بەسەر بردوەو رەوشتیان روو لە باش بوونە .

## بەشی راگیراوان:

١. مانەوەی هەندێك ڕاگیراو بۆ ماوەی زیاتر لە (٦) مانگ بێ دادگایی كردن.
٢. راگیراوەكان داوا دەكەن هەفتەی جارێك رێگەیان پێ بدرێت كە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە خێزانەكانیانەوە بكەن .
٣. راگیراوەكان داواكاری ئەوەیان هەبووە كە رێگەیان پێبدرێت بتوانن بێنە دەرەوەی ژوورەكانی بەندكردن بۆ وەرگرتنی هەوای پاك و تیشكی خۆر , بەلأم ئیدارەی بەندیخانەكە لە توانایان دا نیە رێگە بەوە بدەن راگیراوەكان بێنە دەرەوەی ژوورەكان بەهۆی نەگونجانی شوێنەكە و بچوكی گۆڕەپانەكە ، سەرەڕای ئەمەش لەم ماوەیەدا ژمارەی راگیراوەكان زۆر زیادیكردوە لەچاو ماوەكانی پێشووتر هۆكاری ئەم زیادبونەش لەلایەن هەریەك لە (بەرێوەبەری بەشی راگیراوان و داواكاری گشتی )گەڕێندرایەوە بۆ دادوەرەكان، چونكە بەڕای ئەوان ژمارەیەكی زۆرلەوراگیراوانە بەپێی ماددەی یاسای( سوك)دەست بەسەركراون ودەتواندرێت لەرێگای (كەفالەت )ەوە ئازادبكرین، بەلأم دادوەرەكان ئەم دەسەلأتە یاساییە بەكار ناهێنن ( هەرچەندە ئەم خالە بۆ یاساو بۆچوونی دادوەرەكان دەگەڕێتەوە) ئەمەش بۆتە هۆی دروست بونی قەرەبالغیەكی زۆر وكەشێكی ناتەندروست لە هۆلەكاندا، هەروەها ناتواندرێت وەك پێویست بەندكراوەكان بهێندرێنە بەرتیشكی خۆر كە ئەمەش داواكاری سەرجەم بەندكراوە كان بوو سەبارەت بە هێنانیان بۆ بەردەم تیشكی خۆر .
٤. خواردن لەرووی جۆرو چەندایەتی و پاك وخاوێنیەوە زۆر باشە راگیراوەكان هیچ گلەییان نەبوو .

## بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ئافرەتان ونەوجەوانان :

لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/٣١ لە لایەن بەشی بەندیخانەكان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ئافرەتان و نەوجەوانان – ی هەولێر كراوە , و ئەم تێبینیانەی لای خوارەوە خراونەتە روو:

یەكەم – بەشی نەوجەوانان :

١- له كاتی سەردانی كردنی ئەم چاكسازییە (٤٣) مەحكومی نەوجەوان و (٢٥) راگیراوی تێدا بوو .
٢- بە شێوەیەكی گشتی بینای ئەم چاكسازییە كۆن و نەگونجاوە و بە تایبەت بەشی نەوجەوانان , و زۆربەی ئامێرە كارەباییەكانی ناو هۆڵەكان وەك ئامێرەكانی رۆناككەرەوە و ئامێرەكانی فێنككەرەوە لە كاركەوتبوون , جگە لە نەبوونی ئامێری هەواكێش .
٣- بینای ئەم بەشە پیسیەكی بەرچاوی پێوە دیارە , بە تایبەت شوێنی (حەمام و ئاودەست) , جگە لە پیسی فەرش و دۆشەگ و شوێنەكانی نووستن.
٤ – زۆربەی نەوجەوانەكان سكالأیان هەبوو لە جۆری خواردن كە گۆرانكاری تێدا ناكرێت .
٥- گشت نەوجەوانەكان سكالأیان لە كەمی كاتژمێرەكانی چوونە دەرەوە هەبوو.
٦- خزمەتگوزاری تەندروستی لەم چاكسازییە كەم و كورتی تێدایە , و زۆربەی نەوجەوانە گیراوەكان سكالأی ئەوەیان هەبوو كە بە گوێرەی پێویست چارەسەریان پێشكەش ناكرێت.

## بەشی ئافرەتان :

١- لە رووی پاكوخاوێنیەوە ئەم بەشە پاكوخاوێنیەكی بەرچاوی پێوە دیارە .
٢- بەهەمان شێوە بەشی ئافرەتان سكالأیان لە خراپی جۆری خواردنی ئامادەكراو هەبوو.
٣- سەبارەت بە چاودێری و خزمەتگوزاری تەندروستی ئافرەتە راگیراوەكان سكالأیان هەبوو لەوەی كە ڕەوانەی نەخۆشخانە ناكرێن بە گوێرەی پێویست .
٤- هەندێ لە راگیراوە ئافرەتەكان بە تایبەت ئەوانەی ماوەیەكی زۆرە بە راگیراوی ماونەتەوە و كێشەكانیان یەكلایی نەكراوەتەوە سكالأی ئەوەیان هەبوو كە رێگەیان پێ نادرێت پەیوەندی بە خیزانەكانیانەوە بكەن لە رێگای تەلەفۆنەوە.
٥- یەكێك لە راگیراوە ئافرەتەكان كە بە رەگەز عەرەبە بە ووتەی خۆی باسی لەوە دەكرد كە لە ئاسایش پەراوی دانپیانانەكەیان بە زمانی كوردی بۆ تۆماركردووە بە بێ ئەوەی لە ناوەرۆكی دانپیانانەكە بگەیەنرێت بە زمانی عەرەبی.
٦- هەندێ لەو ئافرەتانەی كە لە چاكسازیین و منداڵەكانیان لە گەڵیانن ئاماژەیان بە پێویست بونیان دەكرد بە جل و بەرگ بۆ منداڵەكانیان.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر :

## ئاسایشی هەولێر:

(١) ژمارەیەك لە راگیراوەکان ماوەی مانەوەیان لە بەندیخانەکە لە کاتی یاسایی خۆیدا تێپەڕی کردووە بەبیٚ ئەوەی کێشەکانیان لە لایەن دادگاوە یەکلایی بکرێتەوە.

(٢) بینای بەندیخانەکە و هۆڵەکانی بەندکردن ، گونجاوەو هیچ کێشەیەك نییە.

(٣) لەلایەنی پاکوخاوینی وتەندروستیەوە پارێزراوەو رەچاوی پاکوخاوینی دەکرێت لە بەندیخانەکە بە گشتی.

(٤) خواردن و سەردانیکردن و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان زۆر باشە و هیچ گلییەکیان نەبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بنکەیەکی تەندروستی لە بەندیخانەکە بوونی هەیەو و هەفتانە پزیشکی تایبەتمەند سەردانیان دەکات و ئەگەر پێویستی بە رەوانەکردن هەبێت بۆ نەخۆشخانە ، رەوانەدەکرێت.

(٥) راگیراوەکان بەشێوەی گشتی لە هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئاسایش رازی بوون.

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر:

لە میانە ی سەردانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر، تێبینی ئە م چەند خاڵانەی خوارەوەمان کرد:

١- لە ڕووی هوڵەکان کێشەی تەنگی شوێنیان نیە، چونکە ژمارەی بەندکراوان تەنیا (٨٦) کەسن کە بە تۆمەتی جیا جیا گیراون.

٢- لە ڕووی بینایەوە گونجاو نییە.

٣- پزشکێکی تەندروستی بە بەردەوامی سەردانیان دەکات، بەڵام لە بەر هەندێك لە نەخوشیەکانی پێست و دڵ و هەناو، پیویستیان بە پزیشکی پسپۆر هەیە و هەندێك جار ئەو داو دەرمانانەیان بە دەست ناکەویٚ کە پێویستیان پێیەتی بۆیە داوادەکەن دەرمانی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

٤- پاك و خاوینی هۆڵەکان لە ئاستی پێویستدا نییە.

٥- ژەمەکانی خواردنیان بە پێی خشتەیەکی دیاریکراو بە سەر بەندکراوان دابەش دەکرێت, وە هیچ سکالاٰ و گلەییەکیان لەسەر جۆر و بڕی خواردن نەبوو.

٦- له ڕۆژێکدا  چەند جارێك دەهێندرێنە بەر خۆر و کێشە ی خۆشتن و سەر ئاویان نیە، بەس لە شەو کێشەی چوونە سەر ئاویان هەیە.

٧ -  ژمارەیەك لە بەندکراوەکان گلەییان هەبوو لەوەی دانپیانان و لێکۆلینەوەیان بە زمانی کوردی دەکرێت و تۆماردەکرێت.

## را پۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە کۆیە :

لە ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە کۆیە بۆ مانگەکانی (کانونی دووم ، شوبات ، ئازار ) سەبارەت بە بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ئاگاداربوون لە ڕەوشی زیندانییەکان لە سنووری شاری کۆیە , بەشی بەندیخانەکان سەردانی هەریەك لە : بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە و بەندیخانەی بەریوەبەرایەتی ئاسایشی رۆژهەلاتی هەولێریان کردوەو ئەو تێبینیانەی لەم سەردانانەدا بەدی کراوە بەم شێوەیە بووە:

## بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە :

١_ نەبوونی هیچ بلأوکراوە و چاپەمەنیەك جگە لە رۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی کۆیەوە بۆ ئەم بنکەیە دابین دەکرێت کە چەند جارێکە ئاماژەی بۆ دەکەین و بە بیٚ چارەسەری ماوەتەوە.

٢_  نەبوونی کادری کۆمەلأیەتی لەم بنکەیە پێشتر ئاماژەمان پێداوە و بە بیٚ چارەسەری ماوەتەوە.

٣- تاوەکو ئێستا کارمەندی پاك کەرەوە دانەمەزراوە سەرەرای نەبونی مەرجی تەندروستی لەم بنکەیە.

٤- نەبوونی ئامێرەکانی فێنك کەرەوە و گەرمکەرەوە لە وەرزەکانی هاوین و زستان.

٥- نەبوونی جلو بەرگی تایبەت بە بەندییەکان لە ناو بەندیخانەکە.

٦-نەبوونی شوێنێکی تایبەت بە وەرزش لە ناو بەندیخانەکە.

٧- سەردانیکردنی (پزیشك و سەرتاش) بۆ بەندیخانەکە بە شێوەیەکی رێکوپێك ئەنجام دەدرێت.

٨- بەندییەکان هیچ ڕەخنەیەکیان نەبوو لە جۆری خواردن و کاتی دابەشکردنی.

٩- مامەڵەو هەڵسوکەوتی کارمەندەکان لەگەڵ بەندییەکان گونجاوە.

## بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەلاتی هەولێر:

١-بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی مانگەکانی(١،٢،٣). ژمارەی بەندکراوان لەم بەندیخانەیەدا زۆر کەم بووە.
٢- ئەم شوێنەی کراوەتە بەندیخانە لە ڕووی تەندروستیەوە شوێنێکی گونجاو نیە , بۆ ئەم مەبەستەش دروست نەکراوە و پێویستە شوێنێکی تایبەت بۆ بەندییەکان دروست بکرێ.
٣- نەبوونی شوێنی تایبەت بە وەرزش لە ناو بەندیخانەکە.
٤- لە ڕووی هەڵسوکەوتی کارمەندانی بەندیخانە لەگەڵ بەندکراوەکان, هیچ جۆرە پێشیلکارییەك بەدی نەکراوە و بەندییەکان لەم ڕووەوە سکالایان نەبووە.
٥- لە ڕووی دابینکردنی ژەمەکانی خواردن بە ڕێك و پێکی و لە کاتی دیاریکراودا دابەش دەکرێت.
٦- لە ڕووی خزمەتگوزاری وەك (پزیشك و سەرتاش) لە کاتی پێویست سەردانیان دەکرێت .
٧-لە ڕووی پێویستیەکانی ئاو و کارەباو ڕووناکیەوە هیچ گرفتێك نەبووە.

## راپۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤی ئاکرێ :

بنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوە :

لە دوایین سەردانی کردنی بەشی بەدواداچوونی بەندیخانەکانی نوسینگەی ماف مرۆڤ لە قەزای ئاکرێ بۆ بنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوە ، (١٣) راگیراو (موقوف) و (٣)گیراو (محکوم) لە ژووری راگرتندا هەبووە , کە بە بڕیاری دادوەر دەستگیر کرابوو .

١- سەبارەت بەسەردانی کەسوکاری بەندکراوەکان و ژەمەکانی نان خواردن و پاکوخاوێنیەوە هیچ گلەییەکیان نەبوو.
٢- لەم بنکەیەدا هەرچەندە هیچ دکتۆرێك نییە بەبەردەوامی بمێنێتەوە، بەڵام هەرکاتێك بەندکراوێك نەخۆش بکەوێت راستەوخۆ دەنێردرێتە نەخۆشخانە .
٣- .هەروەها پاکو خاوێنی حەمام و ئاودەست پارێزراوە.
٤- بەندکراوەکان هیچ گلەییان نەبوو لە هەڵسوکەونی کارمەندەکانی بەندیخانە لەگەڵیان.

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قەزای ئاکرێ :.

ئەو تێبینیانەی کە لە لایەن نووسینگەی مافی مرۆڤ لە ئاکرێ ئاماژەی پێکراوە لەم چەند خاڵەی خوارەوە دیاری کراوە :

١- سەبارەت بە هەڵسوکەوتی کارمەندانی بەندیخانەی ئاسایش لەگەڵ بەندکراوەکان , لە لایەن بەندکراوەکانەوە هیچ سکالاْیەك نەبووە .

٢- چوونە دەرەوە و مواجهە و سەردان زۆر باشە .

٣- پاك و خاوێنی حەمام و ئاودەست ڕەچاوکراوە .

٤- هەر کاتێك بەندکراوێك نەخۆش بکەوێت پێویست بکات دکتۆر ببینێت ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت .

## ڕاپۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤ / سۆران :

لەرێگای لێژنەی تایبەت بە بەندیخانەکان لە نوسینگەی ماف مرۆڤی سۆران لە ماوەی سێ مانگی رابردووی سالی( ٢٠٠٩) بە شێوەیەکی بەردوام سەردانی (بنکەکانی گرتنوگواستنەوەی پۆلیس وئاسایش)کراوە،لەم ماوەیەدا بەدواداچون کراوە بۆسەرجەم ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە پەیوەست بوون بە بەندیخانە و بەندکراوەکان. هەروەها لەم ماوەیەدا چەند وانەیەك سەبارەت بابەتەکانی مافی مرۆڤ و ماف بەندکراو و دەست بەسەراگیراوەکان پێشکەش بە کارمەندان و بەندکراوە کان کراوە.

**بنکەی پۆلیسی سۆران :.**

١- لە رووی رفتاری کارمەندانی ئەم گرتوخانەیە ، گیراوەکان هیچ سکالاْیەکیان نەبووە.

٢- تێبینی هیچ جۆرێك لە ئەشکەنجەدان نەکراوە .

٣- پاکو خاوێنی لەم بەندیخانەیەدا پارێزراوە. هەروەها جۆرو بڕی خواردنی پێشکەشکراو بۆ گیراوەکان زۆر باشە .

٤- بەند کراوەکان هیچ گلەییەکیان سەبارەت بە کاتەکانی سەردانیکردنی کەس وکاریان نە بوو.

٥- لەکاتێك دا هەر بەند کراوێك پێویستی بە سەردانی دکتۆر بێت رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت.

بەندیخانەی ئاسایشی سۆران :.

١- زۆربەی پێداویستیەکانی ئەم بەندیخانەیە دابینکراوە وەك ( تەلەفزیۆن و ستەلایت و سپلیت و کەل و پەلی خواردن و نووستن)، بەلآم پێداویستیەکانی نووستنیان بۆ دابێن نەکراوە وەك( قەرەوێلە و پێخەف) .

٢- تێبینی هیچ جۆرێك لە شێوەکانی ئەشکەنجەدان نەکراوە .گیراوەکان رازی بوون لە رەفتاری کارمەندەکان .

٣- لەکاتی نەخۆشکەوتنی هەرگیراوێك راستەوخۆ رەوانەی نەخۆشخانە ئەکرێت .

٤- بینای ئەم گرتووخانەیە زۆرکۆنەو رەچاوی پاکو خاوێنی نەکراوە ، بۆیە پێویستە شوێنێکی گونجاوتر دابین بکرێت و پاك و خاوێنیش تیایدا پارێز راو بێت .

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی :

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە بەردەوامی سەردانی بەندیخانەکانی سنوورەکەیان دەکەن و لە بارودۆخ و رەوشی بەندکراوەکان دەکۆڵنەوە.

سەرباری سەردانی کردنی بەندیخانەکان ، لەم ماوەیەدا چەندین بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ سەرجوم ئەو سکاڵاوداواکاریانەی کە پەیوەست بوون بە رەوشی بەندیخانەکان و ژیانی بەندکراوەکانەوە هەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاودراوە بۆ کێشەکان.

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی لەبەر نەگونجاوی بینایەکە ، بەندکراوەکان تێکەڵ بەیەکدەکرێن ، بێ رەچاوکردنی تەمەن و جۆری تاوانەکان. هەروەها لەبەر زۆری راگیراوەکان و بچوکی جێگاکە راگیراوەکان کێشەی توالێت و جێگەی خۆشتن و چونە بەر خۆریان هەیە. هەروەها لەم بنکەیەدا بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی نییە.

## بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی / بەشی گەوران ، ژنان ، نەوجەوانان:

بەشی نەوجەوانان و ژنان:

لە بەشی نەوجەوانان گۆرەپانی یارییان نیە و هەروەها هۆڵی چاوپێکەتنیان نییە لە کاتی سەردانیکردنی کەسوکاری بەندکراوەکان .

بەڵام لە بەشی گەوران ، گەورەترین ئاستەنگ نەگونجاوی بینای بەندیخانەکەیە کە لەگەڵ ژمارەی بەندکراوەکان ناگونجێت.

لە راپۆرتەکەی بە ڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانیدا هاتووە، نەبوونی ئامێری تایبەت بە پشکنین بۆ ئاشکراکردنی هێنانی مۆبایل و مادە بێهۆشکەرەکان لە کاتی سەردانی کەسوکارەکانیان، ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە.

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ:.

بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی مافەکانی مرۆڤ ، بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ لەم ماوەیەدا (٥)جار سەردانی بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ و ئاسایشی چەمچەماڵیان کردووە.

شوێنی راگیراوەکانی ئاسایش زۆر خراپە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

سەرجەم بەندکراوەکانی بنکەی گرتن و گواستنەوە لە جۆری خواردن و خشتەی خواردنیان ناڕازین، و ئیدارەی بەندیخانەکەش بێتوانایی خۆیان نیشاندا ، چونکە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیانەوە ئەو خشتەیە دانراوە.

## را پۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤی لە دهۆك :.

لەماوەی سێ مانگی رابردوو لەلایەن نوسینگەی ماف مرۆڤی دهۆکەوە بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی بەندیخانەی چاکسازی (گەوران).لەدهۆك کراوە بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بارودۆخی بەندیخانەکەو رەوشی ژیانی بەندکراوەکان تیایاندا، هەروەها لەم ماوەیەدا بەدواداچونکراوە بۆ سکالای بەندکراوەکان و ئەوکێشەوگیروگرفتانەی کە پیوەندیداربوون بە بەندیخانەکەوە .

١- بەشێوەیەکی گشتی رەوشی بەندکراوەکان لەم بەندیخانەیەدا زۆر باش بوو لەسەرجەم رووەکانیەوە، چونکە بینایەکی گونجاویان هەیە. هەروەها پاك و خاوێنی تیایدا پارێزراوە .

٢- ژمارەیەك لەبەندكراوان لە بەندیخانەی چاكسازی سلێمانیەوە وەك سزادان گواسترابونەوە بەندیخانەی دهۆك بۆیە سكالاَیان هەبوو سەبارەت بەم سزادانە، چونكە ئەم گواستنەوەیە گرفتی هاتوچۆی بۆكەس وكاری بەندكراوەكان درووستكردووە .

٣- كاتەكانی سەردانیكردن بەپێی خشتەیەكی گونجاو دیاریكراوەو هیچ كام لەبەندكراوەكان گلەییان نەبوو لەم رووەوە .

٤- هەڵسوكەوتی كارمەندانی ئەم بەندیخانەیە باشەو بەندكراوەكان هیچ گلەییەكیان نە بووە .

٥- ژەمەكانی خواردن لەرووی چەندایەتی و جۆری خواردنەكان زۆر باشە.

## چاكسازی نەوجەوانان و ژنانی دهۆك :.

١- بارودۆخی بەندكراوەكان لەرووی سەردانیكردنی كەس وكارو ژەمەكانی خواردنەوە هیچ گلەییەكیان نییە .

٢- سەبارەت بە شوێن و هۆڵەكانی ئەم چاكسازیە زۆر باشە .

٣- بەشێوەیەكی گشتی هەڵسوكەوتی كارمەندانی ئەم بەندیخانەیە باشە. بەلاَم ئەوەی جێگای ئاماژەپێكردنە وەك لەراپۆرتی ٢٠٠٩/٣/١٩ نوسینگەی مافی مرۆڤی دهۆك دا هاتوە ئەوەیەكە (بەرێوەبەرو دكتۆری بنكەی تەندروستی)ی ئەم چاكسازیە بە ماددەی یاسای (٣٩٦)تۆمەت بارن، بەلاَم لەلایەن دادگاوە بەكەفالەت ئازادكراون تا رۆژی دادگایكردنیان ، لەئێستاشدا بەرێوەبەرێكی نویَ بۆ چاكسازیەكە دانراوە .

## گرتوخانەی ئاسایشی دهۆك :

بەشێوەیەكی گشتی باررو دۆخی ئەم گرتووخانەیە لەسەرجەم لایەنەكانیەوە باشەو بەندكراوەكان هیچ سكالاَو داواكاریەكیان نەبووە ،هەروەها سەرجەم گیراوەكانی لەلایەن دادوەرەو بریاری دەستگیركردنیان بۆ دەرچوەو و لەسەر بڕیاری دادوەر بەندكرابوون .

## را پۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤی زاخۆ :

لەرێگای بەشی چاودێری بەندیخانەکان لەنوسینگەی مافی مرۆڤ لەزاخۆ بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی بنکەی گرتن وگواستنەوەی زاخۆکراوە بەمەبەستی ئاگاداربوون لەرەوشوو بارووددۆخی ئەم بنکەیە لەرووی پەیرەوکردنی بنەماکانی ماف مرۆڤ و مامەڵەکردنی کارمەندان لەگەڵ ڕاگیراوەکاندا. هەرلەم ماوەیەدا بەدواداچون کراوە بوکێشەو گیروگرفتی بەندکراوەکان وهەوڵی چارەسەرکردنیان دراوە ،هەروەها سەردانی دادگای زاخۆکراوەو لەگەڵ دادوەری گشتی گفتوگۆکراوە سەبارەت بە دادگایکردن و لێکۆلینەوە یاساییەکان و داواش کراوە دادوەری گشتی بەبەردوامی سەردانی ئەم بنکەیە بکەن .

سەبارەت بە تێبینیەکان لەسەر ئەم بنکەیە بەم شێوەیە بوون:

١. بینای ئەم بنکەیە لەرووی قەبارەوژمارەی ژوورەکانی بەندکردن زۆر خراپە و لە (٢) ژوور پێکهاتوە و توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی کەمی گیراوی هەیە بۆیە پێویستە بینایەکی گەورەترو گونجاوتریان بۆ بکرێت .

٢. راگیراوەکان هیچ سکالآیەکیان لە دژی هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئەم بنکەیە نەبوو، بەشێوەیەکی گشتی باش بوون .

٣.هەفتەی (٢) جار لەلایەن دکتۆرەوە سەردانی ئەم بنکەیە دەکرێت وهەر کاتێکیش بەندکراوێك نەخۆش بکەوێت رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت .

٤. ئەوی جیگای نیگەرانی و گازاندەی بەندکراوەکان بوو ژەمەکانی خواردن بوو، چونکە رێژەو جۆری خۆراکی پێشکەش کراو بەبەندیەکان باش نیە .

## بەڕیوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە ڕانیە : .

بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤ لەرانیە بەشێوەیەکی بەردوام و لە هەر کاتێك کەپێویست بکات سەردانی سەرجەم بنکە کانی گرتن و گواستنەوی پۆلیس و بەندیخانەکانی ئاسایشلە سنوری ( قەزای بتوین و قەزای پشدەر) دەکرێت ، ئەمەش بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە بارودۆخی و ژیانی بەندکراوە کان و رەوشی مافەکانی مرۆڤ تیایاندا ئەمەو جگە لەوەی کە بەدواداچونی پێویست کراوە بۆ چارە سەرکردنی کێشەو سکالآی بەندکراوەکان.

لەماوەی سێ مانگی یەکەمی سالێ ٢٠٠٩ ئەوی تێبینی کراوە لەم سنورەدا بەم شێوەیە ئەیانخەینە روو:

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕا پەڕین :.

١- هەڵسوکەوتی کارمەندان زۆر باش بووە بەندیەکان هیچ سکاڵایەکیان نە بووە.
٢- بەڵام تێبینی نەبوونی شوێنێکی گونجاوو بۆ بەندکردنی ڕاگیراوەکان دەکرێت هەر بەم هۆ یەشەوە نەتواندراوە شوێنێك تەرخان بکرێت بۆ ژنان و منداڵان ، بە هۆی بچوکی بیناکەیانەوە .
٣- سەبارەت بە پاکوخاوێنی ناوە هۆڵەکان و توالێتەکان زۆر باشە وبەندکراوەکان هیچ گلەیی و سکاڵایەکیان نە بوو .

## بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ڕانیە :.

ئەم بنکەیە ڕاگیراوانی سنوری قەزای ڕانیەو هەردوو سنوری ناحیەی (بنگردو خدران) کەسەر بەقەزای دوکانە لە خۆدەگرێت .و پێکهاتوە لە چوار ژوور، ژورێك تایبەتکراوە بە ڕاگیراوی (ئافرەتان و نەوجەوانان) بەڵام لەبەر ئەوەی توالێتی ڕاگیراوەکان هاوبەشە گرفت بۆ بەندکراوەکان دروست دەبێت . ئەمەش بەهۆی نەخشەی بینای بەندیخانەکە توالیتەکانی لە دەرەوەی هۆلەکانی بەند کردندان و ڕۆژانە تەنها (٤) جار دەبرێنە سەر ئاو کاتەکانیشیان بۆ دیاریکراوە ئەمەش لە ڕووی تەندروستیەوە کاریگەری خراپی ئەبێت .
ڕەچاوی جیاکردنەوەی بەندکراوەکان نەکراوە لەڕووی تەمەن و جۆری تۆمەتەکانیان.

## قەزای پشدەر:.

١- لەبەر ئەوەی شوێنی تایبەتیان نییە بۆ بەندکردنی ڕاگیراوەکان و ئەو شوێنەی ئیستا بەکاردەهێندرێت بۆ بەندکردن دوورە لە مەرجەکانی تەندروستی .
٢- لەکاتی پێویست ڕاگیراو ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت بۆ چارەسەری ، هەروەها هەڵسوکوتی کارمەندانی بنکەکان لەگەڵیان باشە و هیچ گلەییەکیان نییە.
٣- تێبینی دەکرێت زۆربەی بنکەکان لیستی زانیاری ڕۆژانەی بەندییەکان ڕێکناخەن دەربارەی ژمارە و ناوو ماددەی یاسایی و کاتی دەستگیرکردنیان، بە تایبەتی یاریدەدەرێتی قەزای قەڵادزێ کە بەبەردەوامیش ڕاگیراویان هەیە .

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور:.

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە مانگانە بە شێوەیەکی دەوری سەردانی بنکەکانی پۆلیسی و ئاسایشی شارەزوور دەکەن . لە ماوەی سێ مانگی رابردوو دا ئەوەی تێبینی کراوە وەك لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە، بەم شێوەیە بووە:
ئەوەی پەیوەندیدارە بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور ، سەرجەم یاریدەدەریەتەکانی ( سید صادق ، شارەزوور، هەڵەبجەی شەهید) گیراوەکانی خۆیان بۆ ئەوێ دەنێرن، هەرچەندە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بینایەکەیان کۆنەو ئەو بینایەی بۆیان دەرچووە ئیستا کارکردن لێی وەستاوە.
بەندکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی هیچ گلەییەکیان نەبوو ، بەڵام یەکێك لە راگیراوەکان کە تۆمەتبارە بە مادەی(١٤/ مخدرات) و خەڵکی ئێرانە ، لە کاتی گرتنەکەی لەلایەن هێزی پاسەوانی سنورلە بنکەی تەوێڵە زۆریان لێداوە (لوتی شکاوە) و شوێنی ئەشکەنجەدانی بە جەستەوە دیاربووە.
بە شێوەیەکی گشتی لە بنکەکانی پۆلیس ئەو ژوورانەی بۆ بەندکردنی راگیراوەکان تەرخانکراوە ، ژووری کۆنن و گونجاو نین، هەرچەندە راگیراوەکان بۆ ماوەی کەمتر لە (٢٤) سەعات لەو شوێنانە نامێننەوە.

## ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی( کانوونی دووەم ٢٠٠٩ )

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | | ٣١١ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ١٦٩ |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی پیاوانی هەولێر | ٣٦٢ | - |
| ٢ | چاکسازی ژنان هەولێر | ١١ | ١٤ |
| ٣ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | ٤٤ | ٢٦ |
| ٥ | چاکسازی سلێمانی ( بەشی پیاوان ) | ٦٠٨ | - |
| ٦ | چاکسازی سلێمانی ( بەشی ژنان ) | ٢١ | - |
| ٧ | چاکسازی سلێمانی ( نەوجەوانان ) | ٢١ | - |
| ٨ | خانەی تێبینی | ٩ | - |
| ٩ | چاکسازی پیاوانی دهۆك | ٤٥٢ | ١٢٤ |
| ١٠ | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ١١ | ٨ |
| ١١ | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | ٣٨ | ١١ |

## بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | ١٤٧ |
| ٢ | ئاسایشی هەولێر | - | ٤٥ |
| ٣ | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | ٣٥ |
| ٤ | ئاسایشی سلیمانی | - | ٩٢ |
| ٥ | ئاسایشی دهۆك | - | ١١٢ |

| | | |
|---|---|---|
| **کۆی گشتی** | **١٥٧٧** | **١٠٩٤** |
| **تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان** | | **٢٦٧١** |

**تێبینی:**

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

ب. بەشی بەندیخانەکان

## ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی( ئادار ٢٠٠٩ )

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | - | ٣٥٢ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢٢٩ |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی پیاوانی هەولێر | ٣٨٥ | | |
| ٢ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | ١٤ | ١١ | |
| ٣ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | ٤٣ | ٢٨ | |
| ٥ | چاکسازی سلێمانی ( بەشی پیاوان ) | ٦٢٥ | - | |
| ٦ | چاکسازی سلێمانی ( بەشی ژنان ) | ٢١ | - | |
| ٧ | چاکسازی سلێمانی ( نەوجەوانان ) | ٢١ | - | |
| ٨ | خانەی تێبینی | ١٧ | - | ٧ |
| ٩ | چاکسازی پیاوانی دهۆك | ٥٠٠ | ١٢٠ | |
| ١٠ | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ٧ | ٩ | |
| ١١ | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | ٣٢ | ١٥ | |

## بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | ١٢٦ |
| ٢ | ئاسایشی هەولێر | - | ٣٤ |
| ٣ | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | ٢٩ |
| ٤ | ئاسایشی سلیمانی | - | ٦٢ |
| ٥ | ئاسایشی دهۆك | - | ٨٨ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ١٦٦٥ | ١١٠٣ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | ٢٧٦٨ |

تێبینی:

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

ب. بەشی بەندیخانەکان

## ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی( شباط ٢٠٠٩ )

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | | ٣١٠ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢٢٤ |

## چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی پیاوانی هەولێر | ٣٨٠ | - |
| ٢ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | ١٤ | ٢٣ |
| ٣ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | ٤٤ | ٢٩ |
| ٥ | چاکسازی سلێمانی ( بەشی پیاوان ) | ٦٢٧ | - |
| ٦ | چاکسازی سلێمانی ( بەشی ژنان ) | ١٩ | - |
| ٧ | چاکسازی سلێمانی ( نەوجەوانان ) | ٢٠ | - |
| ٨ | خانەی تێبینی | ١٧ | - |
| ٩ | چاکسازی پیاوانی دهۆك | ٤٥٦ | ١١٤ |
| ١٠ | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ٩ | ١٣ |
| ١١ | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | ٣٦ | ١٣ |

١٣

## بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | ١٣٨ |
| ٢ | ئاسایشی هەولێر | - | ٤٢ |
| ٣ | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | ٣٩ |
| ٤ | ئاسایشی سلیمانی | - | ٨٠ |
| ٥ | ئاسایشی دهۆك | - | ١١٢ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ١٦٢٢ | ١١٣٧ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | ٢٧٥٩ |

تێبینی:

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

ب. بەشی بەندیخانەکان

# بەشی سکاڵا

لیپێرسراوانی  بەشی سکاڵا لە ڕاپۆرتی (٣) مانگەیاندا بەم شێوەیە باس لە چالاکیەکانیان دەکەن و تیایدا هاتوە کە ئەو سکاڵایانەی کەوا ئاراستەی وەزارەت کراوە لەلایەن ئەو هاوڵاتیانەی راستەوخۆ سەردانی وەزارەت یان لەسندوقی گرتوخانەکانەوە گەیشتووە یان لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی مافی مرۆڤەوە ڕەوانەی وەزارەت کراوە بۆ چارەسەرکردنیان کاری پێویستیان بۆ ئەنجام داوە بەنووسراوی فەرمی و بەدواداچوونی پێویستیان بۆکردوون چ بەتەلەفۆن چ بەسەردانی کردن و پێشنیازکردن بۆلایەنی پەیوەندار کەکۆی گشتی سکاڵاکان

(٥٥) سکاڵایە لەو (٥٥) سکاڵایە (٤٠) سکاڵای راستەوخۆ ئاراستەی وەزارەت کراوە (١٥) سکاڵای لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی مافی مرۆڤەوە کاری پێویستیان بۆئەنجامدراوە لەسنووری کاروچالاکییەکانی خۆیاندا. کەبەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی (١٠)سکاڵا بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور (٤) سکاڵا بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی کۆیە (یەك سکاڵا)کەکۆی گشتی سکاڵاکان (٥٥) سکاڵای جۆراوجۆر و زۆربەی سکاڵاکان کێشەی تەندروستی و کێشەی هەژاری بووکە هەریەکەو (١٠) سکاڵابوو کێشەی یاسایی (٨) سکاڵابوو کێشەی زیندانی وکێشەی خێزانی هەریەکە و (٥) سکاڵابوو کێشەی توندوتیژی دژی مێینە (٤) سکاڵا کێشەی ناسنامە وپاسەپۆرت (٣)سکاڵا کێشەی دیاری کردنی چارەنووس وکێشەی وون بوون هەریکە(٢) سکاڵا کێشەی خانووبەرەو کێشەی مووچە وکێشەی ئیداری و کێشەی ئەشکەنجەدان وکێشەی خوێندن هەریەکە و (١) سکالابوو.

**سەردانەکان:**

١- لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٢ سەردانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی ئاکرێ مان کرد. بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٧٣) لە٢٠٠٩/٢/١٩ کەلێژنەیەك بوین بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتی (م. م. م) وکاری پێویستمان ئەنجام دا بۆ چارەسەری کێشەکە.

٢- لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٤ سەردانی وەزارەتی شارەوانی مان کرد بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەو سکاڵای (٥٥ ماڵەکەی کەمپی تانجەرۆ) بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بۆمان دەرکەوت کەوا کێشەکە هێشتا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە لەکن لایەنی پەیوەندیدار.

٣- لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٤ سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی مان کرد بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەی هاوڵاتی (گ. ر. ر) ولەبارەی کێشەکەیەوە گفتوگۆمان لەگەڵ بەریوەبەرایەتی گشتی

خانەنشینی کرد.بۆچارەسەری کێشەکەی نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٥٠٤) لەبەرواری ٢٠٠٩/٣/٢٦ ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد.

٤- لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٦ سەردانی یەکەی نەخۆشییە دەروونییەکان لە نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێرمان کرد وگفتوگۆمان لەگەڵ جێگری بەرێوەبەر (ن.م) کرد لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی نەخۆشیە دەرونیەکان بەتایبەتی بۆ (نەخۆشێکی بێ کەس و بێ جێگا کەناوی .ص)ە نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٤١٨) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٣ ئاراستەی بەریوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر کرد بەمەبەستی ناردنی ئەو نەخۆشە بۆنەخۆشخانەکە.

٥- لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٢٥ سەردانی بەریوەبەرایەتی چاکسازی و نەوجەوانان وئافرەتانمانکرد بەمەبەستی کردنەوەی صندوقەکانی سکاڵا و هەمان رۆژ سەردانی بەریوەبەرایەتی چاکسازی گەورانمان کرد لەهەولێر بەمەبەستی کردنەوەی صندوقەکانی سکاڵا کەتەنها سکاڵای بەندکراو مصگفی جلال نجم ی تیابوو سکاڵاکەی درا بەبەشی بەندیخانەکان لەوەزارەت.

### وەڵامدانەوەی نووسراوەکان:-

١- نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(١٩٨٤) لەبەرواری ٢٠٠٩/٢/٤ بۆ وەڵامدانەوەی نووسراومان ژمارە (٢١٢) لە٢٠٠٩/١/٢٨ سەبارەت بەسکاڵای هاوڵاتی (م. ع. ا)

٢- نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٧١٥) لەبەرواری ٢٠٠٩/٢/٨ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە (١٢١) لە٢٠٠٩/١/١٩ سەبارەت بەسکاڵای کەسێکی ئێرانی بەناوی (م. ا) کەئاراستەی بەریوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بەشی یاسا کراوە.

٣- نوسراوی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری دارایی وئابووری ژمارە(٦١٧) لەبەرواری ٢٠٠٩/١/٢٧ بۆ وەڵامی نووسراومان ژمارە (٢١٩١) لە٢٠٠٩/١٢/٢٨ سەبارەت بەکێشەی خانەنشینی (٧) سکاڵاکاری هەڵەبجەی شەهید کەناوەکانیان بە ١- (أ. م. ف) دەست پێ دەکات و بەناوی (ر. ع) کۆتایی پێ دێت. کەلەسەر ئەو سکاڵاو پێشنیازانەی وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتیدیوان بڕیاری ژمارە(٦٠) لە٢٠٠٩/١/٨ دەرکرد کە موچەی خانەنشینی کەم نەبێتەوەو وەکوخۆی بمێنێتەوە.

٤- نووسراوی ەریوەبەرایەتی گشتی دارایی/ژمێریاری /دیراسات ولێکۆلینەوە ژمارە(٢٣١٦) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/١٢ کەوەڵام دانەوەی نوسراومان ژمارە (٢٣٧) لە٢٠٠٩/٢/٣ یە سەبارەت بەکێشەی هاوڵاتی (گ. ر. ر).

٥- نوسراوی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم /بەغدا ژمارە(٢٤٤) لە ٢٠٠٩/٢/١٧ بۆ وەلامی نوسراومان ژمارە(٢٧٠) لە ٢٠٠٩/٢/٩ سەبارەت بەسکاڵای هاولاتیان (ش. أ. أ) و (ڤ. ح. ع).

٦- نوسراوی بەریوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەشی لێکۆلینەوە ژمارە (١٠٥٦) لە ٢٠٠٩/٢/١٦ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە (٢٣٨) لە ٢٠٠٩/٢/٣ سەبارەت بەسکاڵای هاوڵاتی (ع. م. ش) ئاگاداریان کردینەوە کەهەردوو راگیراو (ئـ. ا. م) و کوڕەکەی (م. ع. م) ئازادکران.

٧- نوسراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ نوێنەرایەتی بەغدا ژمارە (١٠٠) لەبەرواری ٢٠٠٩/١/١٩ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە (٢١٩٢) لە٢٠٠٨/١٢/٢٨ سەبارەت یەسکاڵای هاوڵاتی (ا. ج. م).

٨- نوسراوی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان /بەغدا ژمارە (١٥٦) لە٢٠٠٩/١/٢٩ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە (١٩٥٢) لە٢٠٠٨/١١/١٨ سەبارەت بەسکاڵای هاوڵاتی (ت. ع. ع).

٩- نوسراوی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی/ ەریوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی ژمارە (٥٥٤) لە٢٠٠٩/٣/١ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە (٢٢٠٠) لە ٢٠٠٨/١٢/٢٨ سەبارەت بەسکاڵای هاوڵاتی (ر. م. ق).

١٠-نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری/بەریوەبەرایەتی پەیوەندیەکان و وەرگێڕان. ژمارە (٣٢٣) لە٢٠٠٩/٢/١٥ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە(٢٠٣) لە٢٠٠٩/١/٢٨ سەبارەت بەسکاڵای هەردوو بەندکراو: (ك. ب. ح.غ) و (ب. ح. غ) لە بەریوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لەسلێمانی.

١١- نوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین ژمارە(١٨١٠) لە ٢٠٠٩/٢/١٩ بۆ وەڵامی نوسراومان ژمارە (٢٣٧) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٣ سەبارەتبەسکاڵای هاوڵاتی (گ. ر. ر).

١٢- نوسراوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ژمارە(٢٨٤٠) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٣ بۆ وەڵامی نووسراومان ژمارە(٢٧١) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٩ سەبارەت بەسکاڵای هاوڵاتی (ش. ق. م) کەسکاڵاکەی سەبارەت بەئەشکەنجەدانی بوو لەکاتی دەستگیرکردنیدا لەلایەن بەریوەبەرایەتی پۆلیسی سۆرانەوە و نوسراویان بەبابەتی سکاڵا بۆ لێکۆلینەوەیەو وێنەیەکی ئاراستەی بەریوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ئاگاداری (بەریوەبەرایەتی پۆلیسی سۆرانەوە) کراوە بۆ ئەو مەبەستە.

١٣- نوسراوی (وزارە حقوق الانسان) /دائرة الشؤون الانسانية ژمارە (٨٨١) لە٢٠٠٩/١/١٨ بۆ وەڵامی نوسراوی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم /بەغدا ژمارە (١٧٨١) لە٢٠٠٨/١٢/٢١ سەبارەت بە سکاڵای کەس وکاری شەهید (م. ا. ع) بۆ وەرگرتنەوەی (تەرمی) خوا لێخۆشبوو.

## پێشنیارەکان:

١- دوابەدوای ئەو پێشنیازانەی کەلەساڵی ٢٠٠٨ دا سەبارەت بەبەرزکردنەوەی کەمی مووچەی خانەنشینیان (٩٠٠٠٠) نەوت هەزار دیناربوو و پاش نووسراومان ژمارە (٢١٩١) لەبەرواری ٢٠٠٨/١٢/٢٨ کە ئاراستەی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری دارایی کردبوو. لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیارانەی وەزارەت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی/بەرێوەبەرایەتی کارگێری بەبرپیاری ژمارە(٦٠) لەبەرواری ٢٠٠٩/١/٨ و مووچەی خانەنشنیان وەك خۆی لێ کردەوە لە ٢٠٠٩/١/١ کەپێشتر کەم کرابووە و بریارەکە بەنووسراوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی وئابووری(بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشیی/دابینکردن بەژمارە(٦١٧) لە ٢٠٠٩/١/٢٧ بەدەستمان گەیشتکەسەبارەت بەچاککردنەوەی مووچەی (٧)سکاڵاکاری خانەنشینی هەڵەبجەی شەهیدبوو.

٢- پێشنیاز کردن بۆدابین کردنی دەرمانی پێویست و مووچەی مانگانە بۆتوشبوانی شێرپەنجە بەنووسراومان ژمارە(٣٥٣) لە٢٠٠٩/٢/١٧ کەئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و وێنەیەکی دراوە بە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

٣-پێشنیاز کردن بۆ کردنەوی قوتابخانە بۆ خوێندکارەکانی گوندی ماسیەر سەر بەقەزای هەڵەبجەی شەهید و گەراندنەوەی ئەو خوێنکارو قوتابیانەی کە لەپاش شەشی سەرەتایی خوێندنیان بەجێ هێشتووە لەبەرنەبوونی خوێندگا بەتایبەتی کچان وکار ئاسانی کردن بۆ بەردەوام بوونیان لەخوێندن تاتەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی.

**هەر لەم راپۆرتەداو لە بەشی سکالآ خشتەی وردەکاری سکالآکانی هاولآتیانتان لە سێ مانگی رابردوودا دەخەینە بەر چاو کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.**

| ژ | ناوی سکالآکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالآ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ع. ت . ا | | کێشەی رەگەزنامە و پاسەپۆرت | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە( ٤) لە ٢٠٠٩/١/٥ ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە وپاسەپۆرت کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشکەی بەپێ ی یاسا و رێنماییەکان. | |
| ٢ | ع ٠ م ٠ ش | ئ ٠ ا٠ م م٠ع٠م | کێشەی یاسایی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(٢٠٨) لە٢٠٠٩/٢/٣ ئاراستەی ب.ئاسایشی سلێمانی /ب/یاسایی بەمەبەستی روون کردنەوەی کێشکەوە بەرێوەبەرایەتی ناوبراو بەنووسراویان ژمارە (٣٠٥٨) لە٢٠٠٩/٢/١٦ وەلآمیان داینەوە کەوا هەردوو کەسی مەبەست ئازاد کران. | |
| ٣ | ر.ع.خ | هـ.م.خ | کێشەی خێزانی | | لەبەرواری ٢٠٠٩/٢/٤ سکالآکارمان ئاگادارکردەوە کەوا کێشەکەی پەیوەندی بەبەرێوەبەرایەتی توندوو تیژی دژی مێینە ودادگاوە هەیە. | |
| ٤ | ن.م.ی | | کێشەی ناسنامە و پاسەپۆرت | | لەبەرئەوەی سکالآکار قوتابیە پێویستە زانکۆی سلێمانی پێنایەی بۆبکات بەو جۆرە ئاگادارمان کردەوە. | |
| ٥ | ع ی أ | ف ع أ | دیاری کردنی چارەنووس | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(١٢١) لە ٢٠٠٩/١/٢٧ ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کرد وەبەشی بەندیخانەکانی وەزارەتمان بەنووسراویان ژمارە (١٤٤) لە٢٠٠٩/١/٢٢ ئاراستەی ئاسایشی گشتی کرد بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووس کەسی مەبەست وە بەرێوەبەرایەتی نابراویش بەنوسراویان لەلە٢٠٠٩/٣/١٧ وەلآمیان داینەوە کەوا ناوبراو لەلای ئەوان بەند نی یە | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ش.ر.ح.ص | و.ی.ا | کێشەی زیندانی | | .کشێشەکە لەبەرواری ٢٠٠٩/١/٢٢ دراوەتە بەشی بەندیخانەکان لەوەزارەتمان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن | |
| ٧ | ع.ا.ش | | کێشەی هەژاری | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(١٥٧) لە ٢٠٠٩/١/٢٢ ئاراستەی ب.گ/چاودێری و کۆمەلایەتی کرد بەمەبەستی برینەوەی مووچەی مانگانە بۆی | |
| ٨ | ئا.ا.م | ص.ر.س | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (١٩٤) لە ٢٠٠٩/١/٢٧ ئاراستەی ب.گ/تەندروستی هەولێر کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی هەولێر. | |
| ٩ | غ.م.ح | | کێشەی زیندانی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(١٨٤) لە ٢٠٠٩/١/٢٦ ئاراستەی سەرۆکایەتی تێهەلچونەوەی هەولێر دادگای تاوانی (١) کرد بەمەبەستی بینینی سکالاکەی. | |
| ١٠ | ع.ب.ط | | کێشەی ڤیزە و پاسەپۆرت | | پاش بەدوا داچوونی کێشەکەی لە٢٠٠٩/١/٢٩ سکالاکارمان ئاگادر کردەوە کەوا رەسیدی خۆی لەبانکبەشێوەی فەرمی بەنوسراو ببات بۆ بالێوزخانەی (U.S.A) لەبغدا بۆئەوەی بیسەلمێنیت کەوا دەتوانێت لەسەر حیسابی خۆی بروات بۆچارەسەرکردن لە و ولاتەدا. | |
| ١١ | س.م.س | | کێشەی هەژاری | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٢٧٦) لە ٢٠٠٩/٢/٩ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ب.گ/دیوان کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی چونکە کەسوکاری شەهید کراوە. | |
| ١٢ | ش.م.م | ع.م.م | تەندوتیژی دژی مێینە | | لەبەرواری ٢٠٠٩/٢/٥ پەیوەندیمان کرد بەکەسی مەبەستەوە وەرێنماییمان کرد کەوا واز بێنێ لەو توندو تیژیە دژی خوشکەکەی . | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ن.و.م | ج.ن.ا | کێشەی تەندوتیژی دژی مێینە | | نووسـراوی فـەرمیمان بـەژمارە (٣٤١) لـە ٢٠٠٩/٢/١٦ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەدوادچـوون تونـدو تیـژی بەرامبـەر ئافرەتـان کرد. | |
| ١٤ | ر.ت<br>گ.ع<br>ا.ح.م | | نەخۆشی شێر پەنجە | | پێشنیاری بەشـەکەمان بۆچارەسـەری کێـشکە بەنووسراوی فەرمی وەزارتمان ژمارە (٣٥٣) لە ٢٠٠٩/٢/١٧ ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد بەمەبەستی دابین کردنی مووچـەی مانگانـە بـۆ تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە. | |
| ١٥ | ئا.ع.ا | ح.ئا.ع | کێشەی تەندوتیژی دژی مێینە | | لەبـەرواری ٢٠٠٩/٣/٣ کێـشەکە درا بەبەشـی (ژنـان و منـدالان ) بەمبەسـتی ئاراسـتەکردنی نووسـراو بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی بەدوادارچـوونی توندوتیژی مێینە | |
| ١٦ | ن.م.ع | ز.ف.م | کێشەی تەندوتیژی دژی مێینە | | نووسـراوی فـەرمیمان بـەژمارە (٤٣١) لـە ٢٠٠٩/٣/٤ ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایـەتی تونـدو تیـژی دژی ئافرەتـان کـرد وەبـە وێنەیـەك لـەو نوسراوە سکاڵاکارمان ڕەوانەی سـەنتەی (نـەوا) کرد بۆ دالدەدانی تا ئەو کاتـەی ڕەوشی ژیـانی باش دەبێ و مەترسی لەسەر ژیانی نامبینێت. | |
| ١٧ | گ.ا.م | براو دایك وباوکی | کێشەی تەندروستی (دەروونی) | | بـەپێی فـەرمانی کـارگێری وەزارەتمـان ژمـارە (٤٧٠) لـە٢٠٠٩/٣/١٨ لیژنەکـە سـەردانی مـاڵی سـکالاکارمان کـرد لـە بـەرواری ٢٠٠٩/٣/١٩ وەرێنمـایی پێویـستیان دا بـە دایـك و بـاوك وسـکالاکار وەپاشـان راسـپاردەی بـاوکی سـکالاکاریان کـرد کـەوا (گـۆران ) ببـەن بـۆ نۆرینگـەی پزیـشکی دەروونـی بەمەبەسـتی چارەسەرکردنی . | |
| ١٨ | س.ع.ش | ملازم رەوەزی مروور و سێ پۆلیسی مرور | کێشەی یاسایی | | لەرێکـەوتی ٢٠٠٩/٣/١٧ پەیوەنـدیمان کـرد بەسـکالاکارەوە وەسـکالاکار پـێ ی راگەیانـدین کـەوا (سـولحی ) کـردووە لەگـەڵ سـکالا لێکراوەکاندا. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | م.ح.ح | | کێشەی خێزانی | | کێشەکە پەروەندی بەدادگاوە هەیە بۆیە ڕێنماییمان کرد کەوا لەدادگا سکاڵا تۆمار بکات. | |
| ٢٠ | ع.ع.م | لیوا (و) وعقید(ش) و نقیب(س) ملازم ( و) و ملازم (ص) | کێشەی یاسایی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٤٨٠) لە ٢٠٠٩/٣/١٩ ئاراستەی وەزارەتیهەرێم بۆکاروباری ناوخۆ ب.گ./دیوان کرد بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست. | |
| ٢١ | چ.ع م.ع ا.خ | | کێشەی خوێندن | | پێشنیاری وەزارەتمان بەنوسراوی فەرمی ژمارە(٤٨٥) لە٢٠٠٩/٣/٢٤ بۆ چارەسەری کێشەکە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان کرد | |
| ٢٢ | ز.ح.ر | | کێشەی تەندروستی | | بەنوسراوی فەرمیمان ژمارە (١١٨) لە٢٠٠٩/١/١٩ نووسینگەی مافی مرۆڤی (سۆرانمان) ئاگادارکردەوە کەوا سکاڵاکار نەخۆشی چاوی هەیە وەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی بەپێی نوسراویان ژمارە (١١٢٢٢) لە٢٠٠٧/١٠/٢٣ تەنها نەخۆشیەکانی (دڵ ومێشك و خوێن) دەگرێتەوە | |
| ٢٣ | م.ا | | کێشەی یاسایی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (١٢١) لە٢٠٠٩/١/١٩ ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ بەشی یاسایی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی سکالاکار. وەبەڕێوەبرەایەتی گشتی دیوان لەوەزارەتی ناوخۆ بەنوسراویان ژمارە(١٧١٥) لە ٢٠٠٩/٢/٨ کەوێنەیەکی ئاراستەی وەزارتمان کردوە ب.گ.پۆلیس ئاگادار کردۆتەوە بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست و وەپارێزگاری کردنی ناوبراو وە بەنوسراومان ژمارە (٣٦٩) لە٢٠٠٩/٢/٨ ب.مافی مرۆڤی سلێمانی ئاگادرکردەوە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی سکاڵاکار بە ناوەرۆکی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ کەئاماژەی پیێ کراوە. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | م.ع.ا | ن.ج.ع | کێشەی هەژاری | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (١٠٦) لە ٢٠٠٩/١/١٨ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامانی سلێمانی کرد بەمەبەستی برینەوەی مووچەی مانگانەی کەمئەندامان. | |
| ٢٥ | ك.م.ع | | کێشەی زیندانی | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢٠٢) لە ٢٠٠٩/١/٢٨ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور کردوە نوسراومان (٤٧٦) لە ٢٠٠٩/٣/١٨ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی کرد بەمەبەستی سەرنج دان لە ناوەڕۆکی سکاڵاکەی وەئەنجامدانی کاری پێویست . | |
| ٢٦ | ك.ب.ح.غ<br>ب.ح.غ | | کێشەی زیندانی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٢٠٣) لە ٢٠٠٩/١/٢٨ ئاراستەی ئەنجومەنی دادوەری کرد بەمەبەستی روون کردنەوەی لەئەژمارنەکردنی ماوەی راگیراوی بۆیان لەلایەن دادوەرەوە دادگای تاوەنەکانی سلێمانی بە نوسراویان ژمارە (٥٣) لە٢٠٠٩/٣/١ وەڵامیان داینەوە کەوا راگرتنیان ئەژمار کراوە | |
| ٢٧ | م.ع.ا | | کێشەی هەژاری | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٢١٤) لە ٢٠٠٣/١/٢٨ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی کرد بەمەبستی دابین کردنی مووچەی مانگانە بۆی | |
| ٢٨ | م.ع.ا | ر.م.ع<br>ر.م.ع | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢١٣) لە ٢٠٠٩/١/٢٨ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنیان. | |
| ٢٩ | م.ع.ا | | کێشەی بێ خانووی و نیشتەجێ بوون | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢١٢) لە ٢٠٠٩/١/٢٨ ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کردوە ئەوان بەنوسراویان بەژمارە (١٩٨٤) لە ٢٠٠٩/٢/٤ وەڵامیان داینەوە کەوا پارێزگای سلێمانی پەیوەندی بەدابەش کردنی شوقە و خانوو نی یە | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | گ.ر.ر | ح.ح.ح | کێشەی مووچەی خانەنیشین | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٢٣٧) لە ٢٠٠٩/٢/٣ ئاراستەی ب.گ/دارایی کردووە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو دراسە و چارەسەرکردنی کێشەکەی .وەئەوان بەنوسراویان ژمارە (٢٣١٦) لە٢٠٠٩/٢/١٢ وەڵامیان داینەوە کەوا بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنیشینی ئەم بابەتە یەك لایکرێتەوە وەئەگەر موچەی خانەنیشینی هەبێت نابێت موچەی تر وەربگرێت وەلە ٢٠٠٩/٣/٣ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنیشینمان کرد بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە وەپاشان لە ٢٠٠٩/٣/٢٦ سکاڵاکەیمان بەژمارە (٥٠٤) لەگەڵ گشت بەراییەکان نارد بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆکایەتیدیوان بەمەبەستی برینەوەی موچەی خانەنشین بۆ سکاڵاکارو منداڵەکانی کەکارێکی مرۆڤانەیە. | |
| ٣١ | ب.ع.ع | ئا.ع.ف | کێشەی کەمئەندامی هەژاری | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢٤٣) لە ٢٠٠٩/٢/٣ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامانی سلێمانی کرد بەمەبەستی برینەوەی مووچەی مانگانەی کەمئەندامان بۆی. | |
| ٣٢ | ش.ا.ا<br>ڤ.ح.ع | ١- ع.ع.ا<br>٢- ئا.ف.ع | کێشەی وون بوون | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢٧٠) لە ٢٠٠٩/٢/٩ بەزمانی عەرەبی ئاراستەی (ممپلیە حکومە اقلیم کردستان)/بغداد) کرد بەمەبەستی گەران بەدوای چارەنووسی هەردوو وون بووەکەدا. | |
| ٣٣ | ش.ق.م | | کێشەی ئەشکەنجەدان | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٢٧١) لە ٢٠٠٩/٢/٩ ئاراستەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ /ب.گ./دیوان کرد بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەکێشەکەی وەوەزارەتی ناوبراو بەنووسراویان ژمارە (٢٨٤٠) لە٢٠٠٩/٢/٢٣ وەڵامیان داینەوە کەوا وێنەیەك لەسکاڵاکەیان ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بۆ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی (سۆران) بکەن بەمەبەستی | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | لێکۆڵینەوەوەئاگادارکردنەوەیان لەئەنجامی کێشەکە | |
| ٣٤ | ل.ز.ع | ز.ا. وە م.ا. (دوو منداڵی خۆی) | کێشەی گەڕانەوەی دوومداڵی لەئێرانەوە بۆ هەرێم | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٢٧٣) لە ٢٠٠٩/٢/٩ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی سکاڵاکار بۆ گێڕانەوەی هەردوو منداڵەکەی بۆ هەرێمی کوردستان | |
| ٣٥ | ع.ا.ش | ئی.ع | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢٨٨) لە ٢٠٠٩/٢/١٠ وەڵامی ب. مافی مرۆڤی سۆرانمان دایەوە. | |
| ٣٦ | ع.م.م | | کێشەی هەژاری | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٢٨٠) لە ٢٠٠٩/٢/١٠ ئاراستەی ب.مافی مرۆڤی رانیە کرد کەوا هاوکاری وەستاوە تەنها وەزارەتی (کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ) ئەم جۆرە هاوکاریانە دەکات. | |
| ٣٧ | ئا.ا.ص | م.ئا | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٣٤٥) لە ٢٠٠٩/٢/١٧ ئاراستەی ب.گ/تەندروستی هەولێر کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە. | |
| ٣٨ | کنیسە الاتحاد المسیحی | | | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٥٠٣) لە ٢٠٠٩/٣/٢٦ بەزمانی عربی ئاراستەی (ممپلیە حکومە اقلیم کردستان/بغداد) کرد بەمبەستی ناردنی سکاڵاکەیان بۆ وەزارەتی (دارایی ) تاکو ببە خشرێن لە باجی گومرگی | |
| ٣٩ | د.د.ع | س.ع.ش | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان ژمارە (٤٧٦) لە ٢٠٠٩/٣/١٨ ئاراستەی بنکەی تەنردوستی ئابلاخ رێکخراوی (Heat Land ) کرد بەمەبەستی هاوکاری و چارەسەرکردنی. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠ | کەسوکاری هاوڵاتی (م.ا.ا) | م.ا.ا | کێشەی دیاری کردنی چارەنووس | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٤٨٦) لە ٢٠٠٩/٣/٢٤ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرد بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ناوبراوەوە. | |
| ٤١ | ف.ر.م | | کێشەی تەندروستی | | سکاڵاکەی لەلایەن ب.مافی مرۆڤی سلێمانیەوە ئاراستەی رێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان کراوە بەنوسراوی ژمارە(٣١٩) لە٢٠٠٩/٣/١٢ | ب.سلێمانی |
| ٤٢ | ك.ا.م | | کێشەی یاسایی | | لەلایەن بە.م.م.سلێمانیەوە بەدواداچوونی بۆکێشەکەی کراوە لەدادگای تاوانی سلێمانی و داواکاری گشتی بەتایبەت دادوەر سەروەر و دادوەر شێرکۆ. | ب.سلێمانی |
| ٤٣ | م.م | | کێشەی یاسایی | | رێنمایی یاسایی کراوە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەدەستەی سکاڵانامەی عێراقی لقی سلێمانی بۆ تۆمارکردنی ئەو زیانانەی کەلەسەردەمی رژێمی پێشودا لێکەوتووە | ب.سلێمانی |
| ٤٤ | م.ص.ع | | کێشەی هەژاری | | ب.مافی مرۆڤی سلێمانی نوسراویان ژمارە (١) لە ٢٠٠٩/١/٤ ئاراستەی رێکخراوی مانگی سوری عێراقی لقی سلێمانی کردووە بەمەبەستی یارمەتیدان. | ب.سلێمانی |
| ٤٥ | گ.ع | هـ.ك.ص | کێشەی وون بوون | | ب.مافی مرۆڤی سلێمانی بەمەبەستی سۆراغ کردنی کەسی مەبەست کەماوەی (١٠) دەساڵە لە(ترکیا) دیارنەماوە ب.م.م.سلێمانی رۆژی ٢٠٠٩/١/٧ سکاڵاکەی بە(ئمێل) بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان (ئەوروپا) لەسلێمانی ناردووە. | ب.سلێمانی |
| ٤٦ | ع.ع.ع | | کێشەی هەژاری | | ب.م.م.سلێمانی نووسراوی ژمارە (٢٣) لە ٢٠٠٩/١/١١ ئاراستەی رێکخراوی مانگی سوری عێراقی /لقی سلێمانی کردووە بەمەبەستی یارمەتیدانی لەرووی کۆمەکی مرۆییەوە. | ب.سلێمانی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | ن.ی | | کێشەی هەژاری | | ب.مـافی مرۆڤـی سـلێمانی بەنوسـراوی ژمـارە (٦٣)لە ٢٠٠٩/١/١٩ ئاراستەی ڕێکخراوی مـانگی سوری عێراقی لقی سلێمانی کراوە بەمەبەسـتی یارمەتی دانی لەرووی کۆمەکی مرۆییەوە. | ب.سلێمانی |
| ٤٨ | ک.ا.ت | | کێشەی هەژاری | | ب.مـافی مرۆڤـی سـلێمانی بەنوسـراوی ژمـارە (٢٥٤) لــە ٢٠٠٩/٢/٢٣ ئاراســتەی ڕێکخــراوی مــانگی ســوری عێراقــی لقــی ســلێمانی کــراوە بەمەبەسـتی یارمــەتی دانــی لــەرووی کۆمــەکی مرۆییەوە. | ب.سلێمانی |
| ٤٩ | ص.ق.ا | | کێشەی وون بوون | | ب.مـافی مرۆڤـی سـلێمانی نووسـراوی ژمـارە (٣٢٥) لـە١٦/٣/٢٠٠٩ ئاراسـتەی ب/شـەهیدان و ئــەنفالکراوەکان لەســلێمانی کــرد بەمەســتی تۆمارکردنی ناوی دایکـی لەلیسـتی قووربانیانـدا تۆماربکرێت لەبـەر ئـەوەی دایکـی لەسـەردەمی ڕژێمی پێشودا بێ سەروو شوێن بووە. | ب.سلێمانی |
| ٥٠ | غ.ح.س.ر | | کێشەی هەژاری | | ب.مـافی مرۆڤـی سـلێمانی نوسـراویان ژمـارە (٣٣١) لــە ٢٠٠٩/٣/١٧ ئاراســتەی ڕێکخــراوی مــانگی ســوری عێراقــی لقــی ســلێمانی کــردووە بەمەبەستی یارمەتیدان. | ب.سلێمانی |
| ٥١ | ح.م.ا | | کێشەی خێزانی | | ب.مافی مرۆڤی شارەزوور لە ٢٠٠٩/١/١٤ بەگفتو گــۆ لەگــەل مێردەکــەی (عبــدالرحیم توفیــق محمـد)وە بـەلێن لێـوەرگرتنی بـۆ ئەنجامـدانی نەشتەرگەری پیویست بۆکورەکەی .. | ب.شارەزوور |
| ٥٢ | ش.ح.م | | کێشەی هەژاری وکەم ئەندامی | | ب.م.م.شــارەزوور لـــە ٢٠٠٩/٢/٨ پەیوەنــدی کردووە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و سکاڵاکاری ناردووە بۆ لایان. | ب.شارەزوور |
| ٥٣ | ز.ر.ك | | کێشەی جنسیە و ناسنامە | | کاری پێویستی ئەنجام دراو | |
| ٥٤ | ڤ.ح.ص.ح | | کێشەی یاسایی (خێزانی) | | لــە٢٠٠٩/٢/٢٤ ڕێنمــای پێویــست کــرا بــۆ چارەسـەرکردنی کێـشەکەی وەئێـستا کێـشەی لەچارەسەرکردندایە. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | ن.ع.ص | د.ن.ع | کێشەی یاسایی | | لــــە٢٠٠٩/٣/٢ لەلایـــەن ب.مـــافی مرۆڤــی شارەزوورەوە لێدوان لەگەڵ مێردەکەیدا کراوە وەبۆیـان دەرکـەت کـە کێـشەکەیان ئـالۆزە و ئێستا لەدادگایە | ب.شارەزوور |
| | | | | | بەمەبەسـتی بەدواداچـوونی کێـشەکە ب.مـافی مرۆڤـی کۆیـە چـەندین جـار سـەردانی بنکـەی پۆلیـسی کۆیـەی کـردووە بـەلام لەبـەر ئـەوەی هەردووو تۆمەتبار(رێباز حسین احمد )وە (تەنیا نـامق رسـول)کـە (دلـشاد نیهادیـان ) بەچـەقۆ بریندار کردووە تائێستا دەستگیرنەکراون لەبـەر ئـــەوەی پێـــشمەرگەن و لەلایـــەن دام و دەزگاکانیان گڵ دراوەتەوە. | ب.شارەزوور |
| | **کـــۆی سکالاکان** | | | ٥٥ | **سکالا** | |

## چالاکی بەشی رێکخراوەکان

گرنگترین چالاکی بەشی رێگخراوەکان لەوماوەیەدا بریتی یەلە رێگخستن و سازکردنی کۆبونەوەی بۆردی راوێژکاری (بۆ رێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ) بە سەرپەرشتی بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ ,کە لە راستی دا ئەوە پانزە هەمین کۆبونەوەی بۆردی راوێژکاریە.

لەم کۆبونەوەیەدا چەند خاڵ و تەوەرەیەك گفتو گۆو باسیان لێوەکرا لەوا نە بریارو رەزامەند درا بە وەرگرتنی رێکخراوی رزگارکردنی نێودەولەتی ( I R C) وەك ئەندام لە بۆردی راوێژکاری . هەروەها خوێندنەوەی راپۆتی لێژنەی بەدواداچوون کە تابیەت بو بە جێبەجێکردن وبەدواداچونکردن لەسەر پێشنیارو راسپاردەکانی کۆبونەوەی پێشو.

تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکە قسەکردن بوو لەسەر بەرنامەی وەزارەت بۆ سالی ٢٠٠٩ لەم روو وەوە وەزارەت دوو تەوەرەی سەرەکی و ئەولەوەیەتی کردۆتە بەرنامەی کاری خۆی:

### یەکەم : سەروەری یاسا

وەزارەت هەوڵ و کار بۆئەوەدەکات کە دەستنیشانی خالە لاوازوکەم وکوریەکانی سیستەمی یاساو بەرێوەچونی پرۆسەی دادگاکان بکات وەك رەهەندو لایەنێکی سەرەکی لە پاراستن وپارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤ . جگەلەوەی وەزارەت لەگەل چە ند لایەنێکی پەیوەندار ئەندام و بەژدارە لەگروپی سەروەری یاسا کەلەلایەن بالوێزخانەی ئەمریکاوە تبنی کراوە بۆ گۆرین و چاکسازی کردن لەدامەزراوەی دادگا و سیستەمی یاسایی وەك نەخشەی رێگایەك بۆ ئایندە بۆ کارکردن لەم بوارەدا.

### دووەم : منالأن

تەوەرەو ئەولەویەتی سەرەکی دووەم لە بەرنامەی کاری وەزارەتدا بریتی یە لە گرنگی دان بە رەوش وباری مافەکانی منالان لە کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکاندا پەروەردەیی , تەندروستی , یاسایی , کۆمەلایەتی , هتد ....

دواین برگەی کۆبونەوەکە بریتی بوو لە قسەکردن لە بارەی بەستنی **کۆنفرانسی هەرێمایەتی بۆ رێکخراوەکان** ( بەتاییەت رێکخراوەکانی بواری ماف مرۆڤ ) بەمەبەستی نوێ وبەهێزکردنەوەی زیاتر و هەماهەنگی زۆرتر لەگەل رێکخراوەکان.

لەکۆبونەوەکە بەستنی ئەم کۆنفراسە بەباش وپێویست زانراو کە دەکرێت تەوەرەکانی ( سەروەری یاسا, رەوشی منالان, تەحەدیەکانی بەردەم مافی مرۆڤ) بێت.

سەبارەت بە کاتی بەستنی کۆنفراسەکە ئەوا وەزارەت لەکاتی گونجاو پێویست ئامادەسازی بۆ دەکات.